# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «کورد نەتەوەیەکی خۆدوێن و ڕێگەیەکی سەخت» نووسینی: «د.سالار عوسمان» لە تویێی (٧٨) لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا کە بە «شەهید و نیشتمانی شەهیدی» پێشکەش کردووە، زنجیرە وتاری هەفتانەی خۆی کە لە ڕۆژنامەی هەولێر لە ماوەی ٢٠١٦/١١/٢٩ تا ٢٠١٧ /٤/٢٥ بڵاوکراوەتەوە و، دەخاتە بەردیدی خوێنەر و بە وردبینییەکی بابەتییانە هەوڵی داوە ئاریشەی خۆدوێنی تاکی کورد و، پرسی پەڕینەوەی کورد لە مۆنۆلۆگییەوە بۆ دیالۆگ تاوتوێ بکات و ئەو ڕێگە سەختەی بە کۆمەڵێك پرسیار و وەڵام وێنا کردووە.

وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە د.سالار عوسمان بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو کۆبەرهەمە ستوونووسییەی لە قەوارەی کتێبێکدا، هیواداریین کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.





پرۆفیسۆر شیرزاد نەجار

پسپۆڕ لە زانستە سیاسییەکان بۆ گوڵان:

# نێچیرڤان بارزانی هەموو خەسڵەتەکانی دەوڵەتمەداری سەرکەوتووی تێدایە

**هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەتای قوناخێکی نوێیە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستانداو، مەزندە دەکرێت بە کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە پرۆسەی سیاسی و سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا بێتەئاراوە، شارەزایان و پسپۆڕانی سیاسەت ئەم گەشبینییە بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان کراوە و مەرجەعییەتی سەرۆك بارزانی دەبێتە بناخەیەکی پتەو بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ پرۆفیسۆر شێرزاد نەجارِ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی دانوستانەکان بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێ، نێچیرڤان بارزانی لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید کرا، ئایا چۆن سەیری ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی دەکەیت؟**

- یەکێك لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ئەوەیە، بڕیاری بەپەلە دەرناکات، بەڵکو زۆر بە قووڵی و بە وردی بیری لێ دەکاتەوە و بڕیارێکی بەهێزیش دەردەکات، ئەمە پێمان دەڵێت پرۆسەی دەرکردنی بڕیار لای سەرۆك بارزانی ئاسان نییە، هەر بۆیە کە بڕیاریشی دا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندید بێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بڕیارەکە بە بەهێزی دەرچوو، ئەم بڕیارە بەهێزەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەوڵەتمەدارێکی لێهاتووە و ئەمەشی لە نێچیرڤان بارزانی بینیوە، لەمەش زیاتر لەبەردەمی جەنابی سەرۆك، کاندیدێکی دیکە نەبووە کە بۆ ئەم پرسە هاوشانی نێچیرڤان بارزانی بێت، بۆیە سەرۆك بارزانی زۆر بە لۆژیکییانە ئەو بڕیارەی دەرکرد کە نێچیرڤان بارزانی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

*** ئاشکرایە پێش ئەوەی نێچیرڤان بارزانی بە فەرمی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرێت، نزیکەی دوو ساڵ بەشی زۆری دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی سەرۆکی هەرێمی لابووە، ئایا سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی ئەم دووساڵەی دواییدا، فاکتەرێکی دیکەی پشت بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی نەبووە؟**

- دەتوانین ئەم دوو ساڵەی دوایی ناوبنێین، قۆناخی ئەزموونکاری، نێچیرڤان بارزانی لەو قۆناخە ئەزموونکارییەش سەرکەوتوو بوو، بەڵام چۆن لەم قۆناخە هەستیارە سەرکەوتوو بوو؟ بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان، بەمەش توانی باڵانسێکی زۆر گرنگ رابگرێت و، سنوورێکی دانا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کێشەی گەورەتر نەبێتەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دەسەڵاتە جێبەجێکارییەکانی سەرۆکی هەرێمی وەرگرت، هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و خراپدا بوو، بەڵام توانی لەناو ئەو بارە هەستیار و خراپەدا پەنجەرەی ئومێد بکاتەوە و کوردستان لەسەر لێواری هەڵدێر رزگار بکات، بۆیە نێچیرڤان بارزانی بە

**یەکێک لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی ئەوەیە، بڕیاری بەپەلە دەرناکات، بەڵکو زۆر بە قووڵی و بە وردی بیری لێ دەکاتەوە و بڕیارێکی بەهێزیش دەردەکات، ئەمە پێمان دەڵێت پرۆسەی دەرکردنی بڕیار لای سەرۆک بارزانی ئاسان نییە**

**نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دەسەڵاتە جێبەجێکارییەکانی سەرۆکی هەرێمی وەرگرت، هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و خراپدا بوو، بەڵام توانی لەناو ئەو بارە هەستیار و خراپەدا پەنجەرەی ئومێد بکاتەوە و کوردستان لەسەر لێواری هەڵدێر رزگار بکات**

لۆژیکی خۆی و پشتیوانیی سەرۆك بارزانی توانی ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنێت.

*** لە زانستی سیاسەتدا، سەرکردەی لێهاتوو بەوجۆرە پێناسە دەکرێت کە توانای ئەوەی هەبێت لە ڕۆژانی سەخت و تەنگانەدا ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، ئایا ئەم پێناسەیە لەسەر سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان پراکتیزە دەبێت؟**

- ئێمە لە زانستی سیاسەت بۆ دەوڵەتمەدار هەشت پۆلێنمان هەیە، یەکێك لەو پۆلێنانە ئەوەیە کە دەبێت دەوڵەتمەدار (زوو هەڵنەچێت، موغامر نەبێت، ئەقڵانی بێت، بڕیاری بەهێز دەربکات) ئێمە لە قۆناخی ڕابردوو ئەم چوار خەسڵەتەمان لە نێچیرڤان بارزانی بینیوە، لەمبارەوە زانای سیسیولۆژی بەناوبانگی ئەمریکی (هارۆڵد لاسویل Harold Lass-well) لە کتێبەکەیدا دەربارەی سایکۆلۆژیەت و سیاسەت Psychopathology and Politics (١٩٣٠)) زۆر بە جوانی ئەوەی شیکردۆتەوە کە بڕیارەکانی دەوڵەتمەدار پەیوەستە بە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانەوە، بۆیە ئەگەر سەیری بڕیارەکانی ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی نێچیرڤان بارزانی بکەین، دەبینین بە کردەیی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان بناخەیەك بووە بۆ بڕیارە بەهێزەکانی لە پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانیدا، بەمەش توانی لە کۆمەڵێك جومگەی گرنگدا وەرچەرخانی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێم و دەوبەربەر، هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکات، شتێکی شاراوە نالێین ئەگەر بڵێین لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بە شێوەیەك لە شێوەکان سڕبوو، بەڵام جەنابی کاك نێچیرڤان توانیی ئەو بەستەڵەکە بتوێنێتەوە و دەرگایەکی گەورە بە ڕووی هەرێمدا بکاتەوە. لایەنێکی دیکەی تایبەتمەندی و خەسڵەتی نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو، ئەوە بوو لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوو ئەو واقیعەی بۆ کوردستان هاتەپێشەوە، ئەو واقیعەی قبووڵ کرد، بەو قبووڵکردنەشی توانی وردە وردە بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، لەمەشدا سەرکەوتنی گەورەی تۆمار کرد.

*** لەدوای دەنگپێدانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە برووسکەی پیرۆزبایی لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی کران، ئایا ئەم برووسکانە بۆ سەرۆکێکی هەڵبژدرێراو لە زانستی سیاسەتدا چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- ئەم برووسکە و پیرۆزباییانەی لە هەموو لایەکەوە ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی دەکرێن، مانایەکی گەورەی مەعنەوی و سیاسی و سایکۆلۆژی هەیە، ئەمە پیشانی دەدات کە ئەم دەوڵەتمەدارە بە تەنیا دەوڵەتمەداری هەرێمێك نییە، بەڵکو دەوڵەتمەدارێکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێگەی هەیە، ئەم پێگەیەش لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەوە هاتووە کە لەماوەی حوکمڕانی وەك سەرۆك وەزیرانی کوردستان پیادەی کردووە، بەتایبەتیش لەم دووساڵەی دواییدا سەلماندی کە دەتوانێت لەناو تەنگژە و کێشەکانیشدا هەرێمێك بەڕێوە بەرێت، بەشێوەیەك کە ئەو هەرێمە هیچ کێشەیەك لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دروست ناکات، ئەمە لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان دەیتوانی بەرژەوەندیی چەندین دەوڵەتی ئیقلیمی و نیودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی بە سیاسەتی لۆژیکانەی توانی وابکات کە هەرێمی کوردستان بە هێواشی هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت و تەنگژەکان تێپەڕێنێت، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، برووسکەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنانەن.

*** ئێمە هەر باسی سەرکەوتنەکانی پێشووی نێچیرڤان بارزانی دەکەین، ئایا ئێستا کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە، لەم پۆستەدا چاوەڕێی چی لێدەکەن؟**

- بە بۆچوونی من ٣-٤ فاکتەر هەن کە پێمان دەڵێت، جەنابی کاك نێچیرڤان لەم پۆستەدا زۆر سەرکەوتوو دەبێت، لەوانە:

١. پەیوەندیی بە باکگراوەندی خەباتگێڕی بنەماڵەکەیەوە هەیە.

**ئەگەر سەیری بڕیارەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی دوایی نێچیرڤان بارزانی بکەین، دەبینین بە کردەیی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان بناخەیەک بووە بۆ بڕیارە بەهێزەکانی لە پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانیدا، بەمەش توانی لە کۆمەڵێک جومگەی گرنگدا وەرچەرخانی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەرێم و دەوبەربەر، هەرێم و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکات**

**لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان سڕبوو، بەڵام جەنابی کاک نێچیرڤان توانی ئەو بەستەڵەکە بتوێنێتەوە و دەرگایەکی گەورە بە ڕووی هەرێمدا بکاتەوە**

**ئەم برووسکە و پیرۆزباییانەی لە هەموو لایەکەوە ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی دەکرێن، مانایەکی گەورەی مەعنەوی و سیاسی و سایکۆلۆژی هەیە، ئەمە پیشانی دەدات کە ئەم دەوڵەتمەدارە بە تەنیا دەوڵەتمەداری هەرێمێک نییە، بەڵکو دەوڵەتمەدارێکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێگەی هەیە**

٢. لەناو خێزانەکەی خۆیدا بە گیانی نیشتمانپەروەری پەروەردە کراوە.
٣. سیقی خۆی وەك سیاسەتمەدارێك.
٤. پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەرێمی، نێودەوڵەتی.

ئەم چوار فاکتەرە زۆر گرنگن بۆ دروستبوونی دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو، لە کەسایەتیی نێچیرڤان بارزانی-دا ئەم چوار خاڵە بوونیان هەیە و دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو بووە، لێرەدا ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ پرۆفیسۆر (هارۆلد لاسویل) کە زانستی سیاسی و شرۆڤەی سایکلۆژی پێکەوە گرێ دەداتەوە، ئەوا ئەو چوار خاڵەی ئاماژەم پێکردن لەگەڵ سایکۆلۆژیەتی ئەو، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەباتە ئەو خانەیەی کە وەك دەوڵەتمەدار پێناسە بکرێت. ئەوجا دەوڵەتمەداریش بەو مانایەی نییە کە نابێت رەخنەی لێ بگیرێت، هەروەك هەندێك جار رەخنە لە کاك نێچیرڤان-یش دەگیرێت، بۆ نموونە: دەڵێن هەندێك بەرنامە دەخاتەڕوو، بەڵام پاشان بەرنامەکان وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو پەیوەندی بە بارودۆخێکەوە هەیە کە بەبێ خواستی ئەو دێتە پێشەوە و دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەکانی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە وازی لەم ئامانجانە هێنابێت، بەڵکو چاوەڕێی دەرفەتێك دەکات بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانەی تێدا جێبەجێ بکات.

*** ئەگەر هەر لەسەر چەمکی (دەوڵەتمەدار) هەڵوەستەی زیاتر بکەین، ئایا هەموو سیاسەتمەدارێك نابێتە دەوڵەتمەدار؟**

- لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە هەتا ئێستا لەسەر دەوڵەتمەدار قسەکراوە، بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەوڵەتمەدار پەیوەستە بە دەستەبژێرێکەوە و هەموو سیاسەتمەدارێك نابێتە دەوڵەتمەدار، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو دەستەبژێرانە دەبنە دەوڵەتمەدار کە چوار خەسڵەتی سەرەکییان تێدا بێت و ماکیاڤیللی Machiavelli بەمجۆرە دەستنیشانی کردوون:

١. ئەو کەسەی دەبێتە دەوڵەتمەدار دەبێت خاوەنی هێز بێت، هێزی (فکری، ئابووری، سەربازی).
٢. دەبێت ئەو دەستەبژێرە لێهاتوو بێت.
٣. زیرەك بێت.
٤. دەبێت توانای دارشتنی پلان و جۆرێك لە فرتوفێڵی لەگەڵ بەرامبەرەکەی هەبێت.

ئەمانە چوار خەسڵەتی گرنگن و پێویستە ئەو خەسڵەتانە لە دەوڵەتمەداردا هەبن، بۆ ئەوەی بتوانێت حوکمڕانی بکات، کاری سیاسیش سنووردارە بۆ ئەو دەستەبژێرەی ئەو خەسڵەتانەی تێدایە. راستە لای یورگن هابرماس Habermas پێویستە هاووڵاتیش لە کاری سیاسی بەشدار بێت و هەر لەبەر ئەمەش فەزای گشتی public sphere هێنایە گۆڕێ، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بەشداریی هاووڵاتی لە کاری سیاسی چۆنە؟ بێگومان دەبێت رای هاووڵاتی لە دارشتنی بڕیاری سیاسیدا بە هەند وەربگیرێت، بەڵام دیسان ئەمە مانای ئەوە نییە کە هاووڵاتی دەتوانێت حوکمڕانی بکات، سەرەنجام تەنیا ئەو دەستەبژێرانە حوکمڕانی دەکەن کە ئەو خاڵانەیان تێدات بەرجەستە دەبێت. لێرەدا ئەگەر بەراوردکارییەك بکەین، ئایا ئەو چوار خاڵەی ئاماژەمان پێکردن لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستاندا هەن؟ بێگومان وەڵامەکە بەڵێ-یە، لەبەر ئەوەی خاوەنی فیکرێکی سیاسی و ئابوورییە، لێهاتوویی خۆی لەماوەی ساڵانی حوکمڕانیدا پیشان داوە، زۆر جار بیروبۆچوونی پێشوەختەی خستۆتەڕوو بۆ دوورخستنەوەی کوردستان لە کێشەکان، هەروەها دەوڵەتمەدارێکی زیرەکە، ئەگەر سەیری پەیامەکەی بکەین، دوای هەڵبژاردنی بەچەند ساتێکی کەم، پێش هەموو شت جەخت لەسەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، جەختکردنەوەی لەسەر ئەم لایەنە گرنگە مانای ئەوەیە پێویستە یەکریز و یەکگرتوو بین بۆ ئەوەی کوردستان بەرەوپێشەوە ببەین، مانای ئەوەیە نابێت جیاوازییە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی هەبێت، بێگومان ئەم پەیامە گرنگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدا بوو کە خەڵك لە بارودۆخێکی نیگەرانیدا بوو، هەندێك بێئومێد ببوون و دەیانگوت دیسان فیکرێکی

**نێچیرڤان بارزانی بە سیاسەتی لۆژیکانەی توانی وابکات کە هەرێمی کوردستان بە هێواشی هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت و تەنگژەکان تێپەڕێنێت، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، بڕووسکەکانیش رەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنانەن**

**لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە هەتا ئێستا لەسەر دەوڵەتمەدار قسەکراوە، بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەوڵەتمەدار پەیوەستە بە دەستەبژێرێکەوە و هەموو سیاسەتمەدارێك نابێتە دەوڵەتمەدار**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دینامیکیەتی داوەتە دۆزی هەرێمی کوردستان و هەر خۆیشی جووڵە بەو دینامیکیەتە دەکات، لەوانەیە کەسێکی دیکە نەتوانێت ئەو دینامیکیەتە دروست بکات**

**نێچیرڤان بارزانی پێگەی هەبووە و ئاگای لە نهێنییە سیاسییەکان بووە، هەروەها پەیوەندییەکی بەرفراوانیشی لەگەڵ پێشمەرگە و هاووڵاتیان هەبووە، بۆیە ئەم بەهایانە بەرهەمی خەباتن و بەبێ خەباتکردنیش بەهاکان دروست نابن**

**بەشدارنەبوونی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی لە پرۆسەی دەنگدانی سەرۆکی هەرێم بەمانای دژایەتیکردن نایەت، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەو لایەنە کۆمەڵێک داواکاری هەیە و مەسافەیەکیشی بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانە بەجێهێشتووە، بۆیە بوارێکی زۆر لەبەردەم پارتی و یەکێتی هەیە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و دانوستاندن بکەن و پێکەوە کاربکەن**

**بایەخدان بە پەروەردە و خوێندنی باڵا هەر ئەوە نییە کەسێک بڕوانامەیەک وەربگرێت، بەڵکو بایەخدان بەو مانایەی زانست و مەعریفە لە کۆمەڵگە رۆڵی خۆی هەبێت، ئەمەش پێویستی بەو دەستەبژێرانەیە کە دەتوانن وەک دەوڵەتمەدار ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم بەشێکی گرنگە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کەواتە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە راستەوخۆ رۆڵی دەبێت، هەروەها لە دەسەڵاتی پەرلەمانیشەوە بۆ پەسەندکردنی یاساکان دەتوانێت رۆڵی مەرجەعییەت بگێڕێت، دەتوانێت ببێتە خاڵی بزوێنەری گەوهەری بۆ ئیشکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا**

رەش هاتۆتە پێش و کوردستان تووشی کێشە و گرفت دەکاتەوە، بەڵام پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی لە ئاستی پەیامی دەوڵەتمەدارێکدا بوو کە هەموو بارودۆخەکەی هێورکردەوە.

*** نێچیرڤان بارزانی لە چوار کابینەی حکومەتدا سەرۆك وەزیرانی کوردستان بووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە، شێوازی حوکمڕانی لە کابینەیەکەوە بۆ کابینەیەکی دیکە جیاوازە، ئایا دینامیکیەت لە سیاسەتی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی چۆن دەخوێننەوە؟**

- پێوستە هەر پرسێکی سیاسی دینامیکیەتی تێدا بێت، هەر پرسێکی سیاسیش دینامیکیەتی تێدا نەبێت، واتە جوولەی تێدا نابێت و دەمرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کێ دەتوانێت خەسڵەتی دینامیکیەت بداتە پرسە سیاسییەکان؟ بێگومان دەوڵەتمەدار، لەم چوار چێوەیەدا دەبینین بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دینامیکیەتی داوەتە دۆزی هەرێمی کوردستان و هەر خۆیشی جوولە بەو دینامیکیەتە دەکات، لەوانەیە کەسێکی دیکە نەتوانێت ئەو دینامیکیەتە دروست بکات. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێك دۆزی هەرێمی کوردستان بە زیندوویی بهێڵێتەوە و جوولەی پێ بکات بەرەو پێشەوە، راستە کێشە و ئاستەنگ هەن، بەڵام جوولەی بارودۆخی هەرێم بەردەوامە، کێ بزووێنەری ئەم جوولەیەیە؟ بێگومان بزوێنەری سیاسیی هەرێم کاك نێچیرڤان بارزانی- یە.

*** لە میانەی سەرۆکایەتیی کابینەی پێنجەمدا، نێچیرڤان بارزانی توانی سەرۆکایەتی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش لە ناوەندە ئەکادیمییەکان زۆر بەرز نرخێندرا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زانکۆی واشنتۆن –جیفرسۆن دکتۆرای فەخرییان پێ بەخشی، پێشتریش ئەم زانکۆیە دکتۆرای فەخریی دابووە کەسایەتییەك کە لە چارەسەرکردنی سیاسەتی ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقیا رۆڵی هەبووە، ئایا پێکەوە کارکردنی یەکێتی و پارتی هێندەی چارەسەری ئاپارتاید قورسە؟**

- بەڵێ زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی ئەوکات دوولایەن بوون هاوسەنگییەکی هەستیاری هێز لە نێوانیاندا هەبوو، ئەوجا زیرەکیی کاك نێچیرڤان بارزانی لەوەدا بوو کە چۆن توانی کارێك بکات کە ئەو دووهێزە لەگەڵ یەك دۆست بن و پێکەوە کاربکەن، نەك سەنگەر لە یەکتری بگرن، بێگومان ئەو ئەم پێکەوە کارکردنەی بە فیکر دروست کردووە، هیچ شتێکی بەهاداریش بەبێ خەباتکردن دروست نابێت، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا نێچیرڤان بارزانی ئیلهامی ئەم فیکرەی لە کوێوە بۆ هاتووە؟ بێگومان لەوەوە بۆی هاتووە کە خۆی بە کردەیی لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا بووە، هەروەها لەناو پرۆسە سیاسییەکەشدا بە حوکمی ئەوەی کوڕی ئیدریس بارزانی و نەوەی مستەفا بارزانی بووە، نێچیرڤان بارزانی پێگەی هەبووە و ئاگای لە نهێنییە سیاسییەکان بووە، هەروەها پەیوەندییەکی بەرفراوانیشی لەگەڵ پێشمەرگە و هاووڵاتیان هەبووە، بۆیە ئەم بەهایانە بەرهەمی خەباتن و بەبێ خەباتکردنیش بەهاکان دروست نابن.

*** ئایا دەتوانین بڵێین نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێك بۆتە خاوەنی ئەو کاریزمایەی لە سەرووی حزبەوە سەیر بکرێت؟**

- کاریزمایەکی گرنگی هەیە، وەك ماکس ڤیبەر Weberیش ئاماژەی پێ کردووە، ئەم کاریزمایەش رۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ بە دامەزراوەکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بەو مانایەی دەتوانێت دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بکاتە دامەزراوەیەکی یاسایی بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی یاسا کاربکات، ئەمەش وا دەکات کە سەرۆکایەتی هەرێم ببێتە بزوێنەری پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا، ئەمەش واتە دامەزراوەیەك دەبێت کە پەیوەندی بە تەواوی پێکهاتەکان و حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە دەبێت.

*** وەك یەکێك لەو کەسایەتییانەی کە ماوەی ٢٢ ساڵە لە نزیکەوە کار لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دەکەیت، ئایا بە رای ئێوە دەبێت ئەولەوییەتەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان چی بن؟**

- وەك خۆی لە پەیامەکەی وەك سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، بەرژەوەندیی باڵای هەرێمی کوردستان زۆر

گرنگە، بەرژەوەندیی باڵاش ئەو مانایەی هەیە، هەموو لایەك پێكەوە بەیەك گیان لەناو پرۆسە سیاسییەكە ئیش بكەن، راستە جیاوازی و تەفسیراتی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام گرنگە لەیەك چوارچێوەدا پێكەوە كار بكەن، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە بەشدارنەبوونی فراكسیۆنی یەكێتی نیشتمانی لە پرۆسەی دەنگدانی سەرۆكی هەرێم بەمانای دژایەتیكردن نایەت، بەڵكو مانای ئەوەیە ئەو لایەنە كۆمەڵێك داواكاری هەیە و مەسافەیەكیشی بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە بەجێهێشتووە، بۆیە بوارێكی زۆر لەبەردەم پارتی و یەكێتی هەیە كێشەكانیان چارەسەر بكەن و دانوستاندن بكەن و پێكەوە كاربكەن.

ئەركێكی دیكە پێویستە فیكری بێت، واتە فراوانكردنی بنەماكانی دیموكراتی بێت، ئەمەش زیاتر لەگەڵ هاووڵاتیان، لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ فیكری هابرماس و دەڵێین گرنگە بایەخ بە فەزای گشتی بدرێت، لەبەر ئەوەی گرنگە هاووڵاتی رۆڵ و رای خۆی هەبێت و بۆچوونەكانی بەهەند وەربگیرێن.

گرنگە بایەخێكی زیاتر بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا بدرێت، راستە پێشتریش بایەخی پێدراوە، بەڵام هەتا ئێستاش پێویستمان بەوەیە بایەخی زیاتری پێبدرێت، بایەخدان بە پەروەردە و خوێندنی باڵا هەر ئەوە نییە كەسێك بڕوانامەیەك وەربگرێت، بەڵكو بایەخدان بەو مانایەی زانست و مەعریفە لە كۆمەڵگە رۆڵی خۆی هەبێت، ئەمەش پێویستی بەو دەستەبژێرانەیە كە دەتوانن وەك دەوڵەتمەدار ئەو ئەركانە جێبەجێ بكەن.

*** لایەنێكی دیكە كە مەبەستمە هەڵوەستەی لەسەر بكەین، پرسی هاوسەنگییە لەنێوان دەسەڵاتەكانی (جێبەجێكردن، یاسادانان، دادوەری) ئاشكرایە لە كوردستاندا ئەم هاوسەنگییە زۆر دروست نییە، ئایا سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەتوانێت هاوسەنگیی نێوانیان راست بكاتەوە؟**

- بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆكی هەرێم بەشێكی گرنگە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن، كەواتە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە راستەوخۆ رۆڵی دەبێت، هەروەها لە دەسەڵاتی پەرلەمانیشەوە بۆ پەسەندكردنی یاساكان دەتوانێت رۆڵی مەرجەعییەت بگێڕێت، دەتوانێت ببێتە خاڵی بزوێنەری گەوهەری بۆ ئیشكردنی دامەزراوەكانی حوكمڕانی لە كوردستاندا، كەواتە بەڵێ، دەتوانێت ئەو رۆڵە بە سەركەوتوویی بگێڕێت.

*** خۆتان ئاگاداری پێگە و شكۆی ئێستای سەرۆك بارزانی-ن لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش، ئایا تاچەند مەرجەعییەتی سەرۆك بارزانی دەبێتە پاڵپشتییەكی گەورە بۆ سەركەوتنی نێچیرڤان بارزانی لەم پۆستەدا؟**

- بێگومان پاڵپشتی دەبێت لەبەر ئەوەی هەڵبژێردراوی خۆیەتی، بۆیە مەرجەعییەتی سەرۆك بارزانی بناخەیەكە بۆ سەركەوتنی نێچیرڤان بارزانی، هەر ئەم مەرجەعییەتەش وادەكات كە نێچیرڤان بارزانی زۆر لەوە سەركەوتووتر بێت كە ئێستا پێشبینی دەكرێت، لەمەش زیاتر بەڕێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی وەك یەك تیم پێكەوە كاردەكەن، ئەمەش پێگەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەهێزتر دەكات.

*** لە ئێستادا كە تەنگژەیەكی گەورە لە نێوان تاران و واشنتۆندا هەیە، ئەم تەنگژەیەش لە كوردستانەوە دوور نییە، لەلایەكی دیكەوە هەرێمی كوردستان بەشێوەیەك لە شێوەكان دۆستی هەردوو لایە، ئایا بە رای ئێوە دەبێت لەم قۆناخەدا هەرێمی كوردستان لەگەڵ ئەم تەنگژەیە چۆن مامەڵە بكات؟**

- با بگەڕێینەوە بۆ سەر دەوڵەتی فیدراڵی، ئایا هەرێمێكی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی فیدراڵی چۆن مامەڵە دەكات؟ بێگومان دەبێت سیاسەتەكانی هەرێم هەماهەنگ بێت لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی فیدراڵیدا، ئێمەش لە ئێستادا دەبێت سیاسەتێكی هاوكار و هەماهەنگمان لەگەڵ بەغدا هەبێت، وەك دەبینین بەغدا هەوڵی بۆ ئەوەیە كێشە و تەنگژەی نێوان ئەمریكا و ئێران لەخۆی دوور بخاتەوە، ئێمەش بێگومان دەبێت خۆمان لەو كێشانە دوور بخەینەوە، بەڵام ئەگەر بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بتوانین رۆڵێكی ئاشتەوایی بگێڕین ئەوا كارێكی باش دەكەین.

**مەرجەعییەتی سەرۆک بارزانی بناخەیەکە بۆ سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی، هەر ئەم مەرجەعییەتەش وادەکات کە نێچیرڤان بارزانی زۆر لەوە سەرکەوتووتر بێت کە ئێستا پێشبینی دەکرێت**

**بەڕێزان سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی وەک یەک تیم پێکەوە کاردەکەن، ئەمەش پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات**

**دەبێت سیاسەتەکانی هەرێم هەماهەنگ بێت لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی فیدراڵیدا، ئێمەش لە ئێستادا دەبێت سیاسەتێکی هاوکار و هەماهەنگمان لەگەڵ بەغدا هەبێت، وەک دەبینین بەغدا هەوڵی بۆ ئەوەیە کێشە و تەنگژەی نێوان ئەمریکا و ئێران لەخۆی دوور بخاتەوە، ئێمەش بێگومان دەبێت خۆمان لەو کێشانە دوور بخەینەوە**

# نێچیرڤان بارزانی به بەكارهێنانی هێزی نەرم ئێستا بەهێزترین سەركردەیە

تازە نییە، هەرێمی كوردستان، ماكی ئاڵۆزی زۆری بەخۆوە گرتووە، هەندێ كات ئەو ماكانە كاڵدەبنەوەو لە هەندێ كاتیشدا تۆختر دەبنەوە. بەڵام لە هەموو كاتێكدا، ماكەكان زیندوێتی خۆیان پاراستووەو لەناو نەچوون، بۆیە تا ئەو ماكانە بە تەواوی ریشەكێش نەكرێن، چارەنووسی ئەم هەرێمە هەر لە دۆخێكی چەقبەستوودا دەمینێتەوەو هەر رۆژەی بە بیانوویەك گرفتەكانمان لێ گەورەو بچووك دەكەنەوە. بە درێژایی مێژووی تێكۆشانی گەلی كوردستان لەپێناوی رزگاریدا، ئەو ماكە ئاڵۆزییە، بۆتە چەقی دروستكردنی ئەم ململانێیەو ماكێكی ترسناكی بەجەستەی خەباتی گەلی كوردستانەوە ناوە. ساڵانی سەرەتای هەشتاكان تا دروستبوونی بەرەی كوردستانی (كە ئەندازیاری نەخشەكێشانی بەرەی كوردستانییەكەش ئیدریس بارزانی بوو)، میتۆدێك هەبووە، ئەو ماكەی پاراستووەو لەناویدا شەڕو گێچەڵ هەر بەردەوامی هەبووە. كاتێك قۆناخی رزگاریی نیشتمانی بە هەموو رووە جوان و ناشیرینەكەیەوە لە شاخەوە گوازرایەوە بۆ ناو شار، گەلی كورد خەونی بەوەوە دەبینی، ئیتر تۆزو خۆڵی ناشیرینییەكان لەم قۆناخەد نوێیەدا دابتەكێنرێ و پەیڕەوی لە سیاسەتێكی نوێ بكرێت، چونكە لە بنەڕەتدا چۆن گواستنەوەی فیكر سووك و سانا نییەو رێگایەكی دژوارو سەخت و پڕ لە هەڵدێرە، بێگومان دروستبوونی سەركردەی باڵاو سووپەرئاساش قورسترو سەختترو پڕ لە هەڵدێرترە، بەڵام مەحاڵیش نییە و لە هەندێك قۆناخدا هەر دروست دەبێ. فاشیزم و نازیزم و كۆمۆنیزم كە خەڵكیان قەتڵوعام كردووەو خەڵكیان زەلیل كردووە، بەناوی پارێزگاریكردن لە بەرژەوەندییە باڵاكان كردوویانەو سزای وەحشیانەی خەڵكیان داوە، ئێستاش لە وڵاتانی دواكەوتوو بە كوردستانیشەوە هێشتا ئەو ئەقڵییەتی دروشمبازییە كۆتایی نەهاتووە، ئەمجۆرە بەرژەوەندی گشتییەی باسی لێوە دەكرێت، لە بنەڕەتدا جەهەنەمێكی گەورەی بە تەنیشتەوەیە، كە خەڵكی بەشمەینەت تێیدا دەسووتێنێ. دەنا ئەگەر وا نەبوایە قەت نەدەبوو یەكێتی نیشتمانی دەنگ بە نێچیرڤان بارزانی نەدات، چونكە بە درێژایی حوكمڕانیی نێچیرڤان بارزانی، ئەوەندەی وەزیرەكانی یەكێتی لە نێچیرڤان بارزانی رازی بوون، چارەگی ئەوەندە لە سەركردایەتییەكەی خۆیان رازی نەبوون، ئەمە بۆ یەكگرتووی ئیسلامی و كۆمەڵ و گۆڕانیش هەر راستە، چونكە نێچیرڤان بارزانی، هاوكاری لە سنوور بەدەری هەموو

**چۆن گواستنەوەی فیكر سووك و سانا نییەو رێگایەكی دژوارو سەخت و پڕ لە هەڵدێرە، بێگومان دروستبوونی سەركردەی باڵاو سووپەرئاساش قورسترو سەختترو پڕ لە هەڵدێرترە، بەڵام مەحاڵیش نییە و لە هەندێك قۆناخدا هەر دروست دەبێ**



**فوئاد سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

وەزیرەکانی حیزبەکانی دیکەی کردووە، باشترین نموونەش کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت دوورخرایەوەو کۆمەڵ و یەکگرتووش کشانەوە، یەك وەزیر ڕێگای بە خۆی نەدا قسەیەکی کەمێك خراپ لەسەر نێچیرڤان بارزانی بکات، چونکە ئەوان لە هەموو کەس باشتر دەیانزانی سەرکردەی وەك نێچیرڤان بارزانی زۆر دەگمەنە. چەندیش دڵی گەورەیە لە حوکمڕانیدا.

ئێمە نە کێشەی کاسۆلیك و پرۆتستانتیمان هەیە، نە کێشەی مەزەبی سوننەو شیعەمان هەیە، نە کێشەی مەسیحییەت و ئیسلامبوونیشمان هەیە تا ئیسلامییەکان بانگەشەی فتوحات بەسەر مەسیحییەکاندا بکەن، بۆیە کێشە سیاسییەکانی نێوان حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، تا ئەو رادەیە ئاڵۆزو تێکچڕژاو نین تا بوارێك بۆ چارەسەرکردنیان نەمابێتەوە. ئەمرۆ گەورەترین کێشەی ئەم هەرێمە کە دروستبووەو رۆژ دوای رۆژ کێشەکان ئاڵۆزترو فراوانتر دەبێت، جێبەجێ نەکردنی یاسایە، چونکە ئەگەر بە یاسا چارەسەری کێشەکان بکرێت، جۆرێك لە دادپەروەری دێتەئاراوە. روونە، ئەگەر یاسا جێبەجێ بکرایە، ئەمجارە پارتی هیچ پێویستی بە یەکێتی نەدەبوو تا لە حکومەتی نوێدا شەریك بێت، چونکە ئەنجامی دەنگدانی خەڵکی کوردستان، یەکلایی کردۆتەوە کە پارتی دەتوانێ بەبێ یەکێتیش حکومەتی نوێ پێکبهێنێ. بۆیە بەپێی زانستی سیاسەت و لۆژیکیش، زاراوەی (شەریك یان شەراکەتی راستەقینە) لە حوکمڕانیی ناوەخۆدا لۆژیك نییە و ناشگونجێت، راستە بۆ بەغدا دروستە، دروستە چونکە دوو نەتەوەی تەواو جیاوازین، بەڵام خۆ پارتی و یەکێتی دوو نەتەوەی جودا نین، تا داوای شەراکەتی راستەقینە لە حوکمڕانیدا بکەن و یاسا پێشێل بکەن؟ کەوابێ ئێمە بۆچی هەڵبژاردنمان کرد؟ ئەی بۆ ئەوە نییە کورسییەکان ببنە سەنگی مەحەك بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکمڕانی؟ لە هەموو دنیادا جوانیی حیزبی سۆشیال دیموکرات لەوەدایە، کە هەمیشە دەگەڕێتەوە ژێر چەتری پەرلەمانەکەی، کە دەنگی خەڵکەو رێز لە ئیرادەی هاووڵاتیانی خۆیشی دەگرێت. بە پێچەوانەی ئەمە هەر حیزبێکی سیاسی کە خۆی بە سۆشیال دیموکرات ناوزەد بکات و بە کردەوەش رێز لە دەنگی هاووڵاتیانی خۆی نەگرێت، راشکاوانە مەرگی دیموکراسییەت و ئاشتی و هەڵبژاردن و پێکەوە ژیانی رادەگەیەنێت.

کوردستان پێویستیی بەردەوامی بە ریفۆرم هەیە، بەڵام ریفۆرم بە ئەقڵی نووستوو

**بە درێژایی حوکمڕانیی نێچیرڤان بارزانی، ئەوەندەی وەزیرەکانی یەکێتی لە نێچیرڤان بارزانی رازی بوون، چارەگی ئەوەندە لە سەرکردایەتییەکەی خۆیان رازی نەبوون**

جێبەجێ ناکرێ، بۆیە وێڕای هەموو ئەمانە کە هەرگیز نەدەبوو لە کوردستان رووی بدایە، رووبەڕووبوونەوەی ریفۆرم بوو، پێویستی دەکرد هەموو حیزبە سیاسییەکان (ئەو حیزبانەی لە حکومەتدان یان ئۆپۆزیسیۆنن)، لە جیاتی هەر کاردانەوەیەك، نەخشەی ریفۆرمیان لە کوردسستان تۆختر بکردایە، چونکە خەڵکی کوردستان لەمەیان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە سوودی پێدەگەیشت، نەك لە ململانێیەکی چەقبەستوو، بۆ میللەتێکی ماندوو.

تۆ لە هیندستان و مالیزیاو ئەندەنووسیا بڕوانە، ئەم سێ وڵاتە نەیانتوانیوە هەمان ئەو ریفۆرمە ئابوورییە بکەن کە چین و سەنگافورە کردیان، ئەمە پەیوەندی بە کولتووری وڵاتەکانیانەوە نییە، بەڵکو جیاوازییەکە زیاتر لە ئەقڵی سەرکردەکانیاندایە، لی کوان یو، ئەقڵانیتر بوو لە سەرۆکەکانی هیندستان. بە دڵنیاییەوە لی کوان یو سەرۆکی هیندستان بوایە، ئێستا هیندستان گەورەترین و پێشکەوتووترین وڵات دەبوو لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەگەر سەیری کۆریای باکوور بکەین، ئەوە هەر باس لەو داخرانە کۆمەڵگەیی و ئابووری و سیاسییەی ناکرێ، لەکاتێکدا سەر سنوورەکەی خۆی کە جاران یەك وڵات بوون، ئێستا بەناوی کۆریای باشوورەوە بۆتە وڵاتێکی دیکەو توانیویەتی گەورەترین پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ببڕێت و تەنانەت رکابەری پیشەسازی لەگەڵ وڵاتانی هەرە پێشکەوتووشدا دەکات. ئەمە پەیوەندی بە کولتووری گەلانەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەقڵی زیرەکی هەندێك لە سەرکردەکانە، لەبەر ئەوەیە لە ماوەی (٢٥٠٠) ساڵی رابردوودا، هەر لە ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە تا دەگاتە ئیمپراتۆریاو قەیسەرو تا دەگات بە خەلیفەو پاشاکانەوە، ناوی ئەم سەرکردانە زۆر نین کە لە ئاسمانی حوکمڕانیدا ئەستێرەیەکی زۆر پرشنگدارن، مێژووی سەرۆکەکانی ئەمریکا لە جۆرج واشنتۆنەوە تا ترامپ، رێك (٤٥) سەرۆکە، بەڵام ئەوانەی بە پێوە مانەوە و نەمردن ژمارەیان ناگات بە (٥) سەرۆك.

ئێستا ئێمە پێویستمان بە سەرکردەیەکە بە تەواوی خۆی لە تەپ و تۆزی ئەم جۆرە حوکمڕانییە دابتەکێنێ کە لە رابردوودا بەسەر ئەم میللەتەیاندا هێناوە، چونکە کوردستان لەدایکبوون و مەرگی زۆر میرنشینی ناوچەیی بەخۆوە بینیوە. لەمسەر بۆ ئەوسەری کوردستان، مێژوویەکمان هەیە پڕە لە نەهامەتی و دووبەرەکی و هەمیشە دەستی وڵاتانی هەرێمی و نەیارانی کوردیان درێژ کردووە بۆسەر خاکی کوردستان. هەموو هێزە سیاسییەکانیش هەر یەکەو لە سەردەمی خۆیدا بەپێی ئەوکات، خاوەنی کاریگەریی سیاسیی خۆیان بوون و دژایەتی نێوانیان و شۆڕشەکانیان کاریگەری لەسەر سەرجەم کوردستان و کۆمەڵگەکەی هەبووە.

نێچیرڤان بارزانی هەمیشە خەونی ئەوە بووە جارێکی دیکە پەرتەوازەیی و لێکدابڕان نەك هەر روونەداتەوە، بەڵکو خەونی ئەوە بووە، هەموو خەونەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوەو، هەموو پێکەوە قۆناخێکی نوێی پەرەپێدان و بونیادنانەوە دەستپێبکەین. ئەم مێژووەی رابردووی میرنشین و ناوچەگەرێتییەی هەبووە، بە تەواوی کۆتایی پێبهێنێت و لە رووی ئابووری و سیاسیشەوە بیکات بە بەهێزترین وڵات لە ناوچەکە. بەڵام ئەوەتا ئەمجارە نێچیرڤان بارزانی-یان کرد بە نیشانە، لەکاتێکدا، هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش باش دەزانن، نێچیرڤان بارزانی لە چەندین وێستگەی پڕ لە وەرچەرخان، بە هێزی نەرم هەموو هێزە رەقەکانی پووچ کردۆتەوە، چونکە ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی لە بەکارهێنانی هێزی نەرم خاوەنی ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە لە حوکمڕانیدا. ئەو سەرکردانەی جیهانیش زۆر نین کە بە هێزی نەرم وڵاتەکانیان کردووە بە نموونەی جوان، هێزی نەرم (القوە الناعمە) فەلسەفە و هونەرێکی مەزنی سیاسەتە لە حوکمڕانیدا، کە نێچیرڤان بارزانی بەبێ سڵکردنەوە پەیڕەوی لێ کردووە. وەك چۆن گالیلۆ سرووشتی خستە ناو سێگۆشەو فیزیاوەو، ئیتر ئەرستۆ کۆتایی پێهات، نێچیرڤان بارزانی-یش بە بەکارهێنانی ئەو هێزی نەرمەی هەرێمی کوردستانی گەیاندە ئاستێك کە لە ناوچەکە دەگمەنە. دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت، بەقەد راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی گرنگ بوو،

**کێشە سیاسییەکانی نێوان حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمە، تا ئەو رادەیە ئاڵۆزو تێکچڕاو نین تا بوارێک بۆ چارەسەرکردنیان نەمابێتەوە**

**ئەگەر یاسا جێبەجێ بکرایە، ئەمجارە پارتی هیچ پێویستی بە یەکێتی نەدەبوو تا لە حکومەتی نوێدا شەریک بێت، چونکە ئەنجامی دەنگدانی خەڵکی کوردستان، یەکلایی کردۆتەوە کە پارتی دەتوانێ بەبێ یەکێتیش حکومەتی نوێ پێکبهێنێ**

کێشە نییە ئەمڕۆ گرفت لە جۆرو شێوازی بەکارهێنانەکەیدا هەیە، بەڵکو گرنگیی ئەم دەرهێنان و بەرهەمهێنانە لەوەدایە، کوردستان وردە وردە پێویستی بە هیچ وڵاتێك نامینێ یارمەتی بدات بە عێراقیشەوە، بە پێچەوانەوە ئیتر وڵاتانی دەوروبەر پێویستیان بەم هەرێمە دەبێت. کوردستان بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوتەوە چووە سەر نەخشەی جیهان.

کاتێك باس لە هێزی نەرمی نێچیرڤان بارزانی دەکەین، پێویستە هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەوە تێبگەن، کە نێچیرڤان بارزانی (فراجیرۆ لامۆ ساڤۆنارۆلا) نییە، بەڵام بەقەد ساڤۆنارۆلا دڵی لەگەڵ تەبایی و نەرمی نواندندایە، تەنانەت نەرمی بۆ هێزە نەیارەکانیشی دەکات، بەڵام، جیاوازیی نێچیرڤان لەگەڵ ساڤۆنارۆلا ئەوەیە، نێچیرڤان خاوەن دوو هێزی زۆر گەورەو لەبن نەهاتووە، یەکەمیان ئەقڵانییەتەکەی کە دەزانێ لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا چۆن رەفتار بکات بۆ حوکمڕانی و کوردستان چی پێویستە، دووەمیشیان ئەوەیە متمانەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لەگەڵدایە بە حیزبە سیاسییەکانی ئەم هەرێمەشەوە، چونکە نێچیرڤان بارزانی لە ژیانی حوکمڕانیی خۆیدا وێستگەی زۆر زۆر گرنگی بڕیوە کە بە راستی ئەم وێستگانە وەرچەرخان بوون. بۆچی حیزبەکان بیر لەوە ناکەنەوە، دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، نێچیرڤان بارزانی لەناو چ شەوەزەنگێکدا پەنجەرەی رووناکی و ئومێدو ئیرادەی بۆ خەڵکی کوردستان کردەوە؟ کاتێك کوردستان کەوتە بەر هێرشی هەرێمیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش، کاتێك فڕۆکەخانەکانی هەرێم راگیران و پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان پچڕان و، هەرێمی کوردستان لەبەردەم رەحمەتی هێرشی بەغدا مایەوە، بۆچی (نێچیرڤان بارزانی)تان بە تەنیا جێ هێشت؟ ئەمەیان هێزی نەرمی نێچیرڤان بارزانی بوو، وردە وردە هەرێمی کوردستانی زیاتر لە جاران بردەوە نێو کۆڕی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، نێچیرڤان بارزانی تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی لەگەڵدا مابووەوە، بەڵام نەترساو ئازایانە گرێکوێرەکانی کردەوە. سەرۆك بارزانی لەناو سەنگەری بەرخۆداندا، هێرشە سەربازییەکانی بەغدای پووچەڵ دەکردەوە. کاتێك مەترسییەکان بۆ سەر هەرێم دێت، کەس خۆی ناکات بە خاوەنی، نموونەی دوای ریفراندۆم نموونەیەکی زۆر زیندووە، زۆر کۆنیش نییە، هێشتا برینەکانیشی بە جەستەی ئەم نەتەوەیە هەر ماوە، بەڵام لەکاتی دابەشکردنی پۆست، هەموویان لە ریزی پێشەوەن، وڵات چۆن بەمشێوەیە بەڕێوە دەچێت؟!

ئەقڵانییەتی نێچیرڤان بارزانی لەوەدا خۆی چڕ کردۆتەوە، لە لایەك زۆر واقیعبینەو واقیع وەکوو خۆی دەخوێنێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە، نایەوێ بگەڕێتەوە سەر رابردوو، بەڵکو بۆ ئێستاو ئایندە دەژی، هەموو ئەوانەی کاری سیاسیش دەکەن و نەیانتوانیوە رابردوو لەبیر بکەن، نەشیانتوانیوە سەرکەوتوو بن، چونکە ئەوانەی بە رابردوویانەوە بەستراونەتەوە، سیاسەتکردنەکەیان دەبێتە جۆرێك لە وەهم، بێگومان ئەوەی سیاسەتیش بکات، نابێت بە وەهم بژی.

رەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان لای نێچیرڤان بارزانی لەسەرووی هەموو ئیعتبارو بەرژەوەندییەکی دیکە بووە، هەر لەدوای هەڵبژاردنیشی لە پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەولەوییەتی یەکەمی کارەکانی پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانە، ئەم پەیامە بەرزە زۆر بەهاو لۆژیکی گەورەی لێ دەخوێندرێتەوەو، ئەو ئومێدە دروستدەکات کە نێچیرڤان بارزانی جگە لەوەی خۆی سەرکردەیەکی ئەکتیڤ و لێوەشاوەیە لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا و سەرکەوتنی گەورەی وەدەستهێناوە، لە هەمانکاتدا بە سوودوەرگرتنی لە میتۆدی فیکری بارزانی، کە ئەم فیکرە لە بنەڕەتەوە پێناسەی سەربەخۆیی کوردستانی بە تەبایی و پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانەوە گرێداوەتەوە، جگە لەوەش نێچیرڤان بارزانی لە ژێر رێنماییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی-یە و هەر کاندیدی ئەویشە بۆ ئەم پۆستە، بۆیە جیا لەوەی خۆی سەرکردەیەکی بەهێزە، لە هەمانکاتدا چیایەکی گەورەشی لە پشتە کە ئەویش هێزی کاریزمایی جەنابی سەرۆك بارزانی-یە.

**هەر حیزبێکی سیاسی کە خۆی بە سۆشیال دیموکرات ناوزەد بکات و بە کردەوەش رێز لە دەنگی هاووڵاتیانی خۆی نەگرێت، راشکاوانە مەرگی دیموکراسییەت و ئاشتی و هەڵبژاردن و پێکەوە ژیانی رادەگەیەنێت**

**هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش باش دەزانن، نێچیرڤان بارزانی لە چەندین وێستگەی پڕ لە وەرچەرخان، بە هێزی نەرم هەموو هێزە رەقەکانی پووچ کردۆتەوە**

# بزووتنەوەی بارزان و ڕیشەی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

## لە مەزدەکی بامدادانەوە
## تا مەولانا خالیدی شارەزوری نەقشەبەندی

(٣-٣)



سەرۆ قادر
sero.qadir@irdk.org

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



**● شێخی ئاشتی و جەنگاوەری.. عەبدولسەلام بارزانی (شێخی شەهید)**

لە قۆناغی دووەمدا لە زەمانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، كە لە بیروباوەڕدا پەروەردەی شێخ محەمەدە، بەڵام هەنگاوێكی گەورەی هاویشت، ئەوە بوو بیروباوەڕەكەی خستە باری كردارییەوە، لە گوندەكان لیژنەی دانا، سیستەمێكی نوێی لە خاوەندارێتی زەوی و هاوكاری كۆمەڵایەتی جێبەجێكرد، لە بابەتی پاراستنی ژنان و متمانەكردن پێیان، كاریكرد، باوەڕی زۆری بە توانایی و بەشداری ژنان هەبوو، فەرمانی دەركرد كە پیاوەكانی بارزان، لە چوارچێوەی باوەڕدا، فێری جەنگاوەری بن، فەرمانی دەركرد ناكرێت خۆمان نەپارێزین دەنا نامێنین و بەردەوام نابین. بنەمای جەنگاوەری لە بارزاندا ئەوەیە كە تفەنگداری باش و سوارچاك و مەلەوان بیت. ئەو فەرمانانە بوونە بەشێك لە عەقیدەی بارزان، بۆیە تا ئێستاش هەندێ ناو لە ناو بارزانییەكاندا هەیە پەیوەندییان بەو جۆرە سیفەتانەوە هەیە، وەك جغسی واتە چەخماخچی. هەندێ ناوی تایبەتی پیاوانی بارزان هەن، لە زەمانی شێخ عەبدولسەلامەوە داهاتوون. ئەوە قۆناغێك بوو، دیارە هەر پیاوێك لە مێژوودا قۆناغ و چیرۆكی خۆی هەیە. لەوكاتدا گۆڕانكاری لە توركیای عوسمانی دەستیپێكردبوو. سەرزەمینی بارزان لە بەر عەقیدەكە پیرۆزییەكی وەرگرت. لەو زەمان دا نەدەبوو كوشتن، دزی، درۆ، غەدر و خیانەت لە سەرزەمینی پیرۆزی ئەو عەقیدەیەدا بكرێت.

چیرۆكی نێوان شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ عەبدلقادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، سەرەتای قۆناغێكی نوێی بزووتنەوەی بارزانە كە بیری نەتەوەیی بووە بەشێك لە عەقیدەكەیان. باوەڕی بوون بە پیرۆز زانینی سەرزەمینی بارزان، كە بریتی بوون لەو بنەمایانەی باسكران، زۆر زانایانە تێكەڵی بیری نەتەوەیی كرا. چونكە ئەوكات سەرەتای پەیدابوونی فیكری ڕزگاریی نیشتمانی بوو. زانایی شێخ عەبدولسەلام لەڕووی عەقیدەییەوە لەوەدا بوو ئەو لكاندنەی ئەنجامدا و لەگەڵ شێخ عەبدولقادری نەهری و منەوەرەكانی كورد لە ئیستەنبول و بزووتنەوەكانی دیكە لە پەیوەندیدا بوو. تەنانەت باس لەوەش دەكرێت بیری لەوە دەكردەوە ڕێكخراوێكیش دروستبكات، واتا بزووتنەوەی بارزانی لە بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەكی سیاسی نەتەوەیی، بەرەو گۆڕانكاریی ڕێكخراوێك كە جوڵە و ڕۆڵی زیاتری هەبێت. لێرەدا كاتی باسكردنی ئێش و ئازارەكانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی نییە، بەڵام ئەو عیسایەك بوو بۆخۆی، لە خۆڕاگرتن لە ناخۆشی و بەرگری و خۆشاردنەوە و بێمنەتی و ڕوونی لە ڕوانگا و بیروباوەڕدا. دەگێڕنەوە زوو زوو گوتوویەتی ئەم دۆخە لێنەگەڕا من باش بخوێنم، دەبوایە زیاترم بزانیبایە. چونكە دوای شێخ محەمەد دەرفەت لەبەردەم شێخەكانی بارزاندا نەما بە ئەندازەی پێویست بخوێنن وبە پێی پێویستی خۆیان بگەڕێن، چونكە هەر لە لێدان و كوشتن و ئاوارەییدا بوون، بۆیە كاری پەروەردە كەوتەوە ناوەوەی خۆیان. ئەوكات لە سێدارەدرا، گەیشتبۆ قۆناغێك بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ ڕووس و هەندێ لایەنی ئێران، هەوڵیدەدا پەیوەندی بە ئینگلیزەوە بكات، لەگەڵ عوسمانییەكان لە گفتوگۆدا بوو كە قبوڵ بكەن كوردستان جۆرێك لە كۆنفیدراڵی هەبێت لەگەڵ مەسیحییەكانی كوردستان كە ئەوكات ئاشوری زۆرینەیان بوون. بۆ ئەوەش لەگەڵ "مارشەمعون" كە میری مەسیحییەكانی كوردستان و ناوچەی هەكاری بوو، سەردانی تبلیسی كرد. ئەگەر دەستگیر نەكرابا، وەك سەرۆك مسعود بارزانی دەڵێت: بێشانسیی كورد بوو ئەگینا ئەگەر شێخ عەبدولسەلام بارزانی مابایە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان، لەو گۆڕانكارییانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناوچەكەماندا ڕوویاندەدا، مەحاڵ بوو كورد دەستكەوتێك بۆ جۆرێك لە سەربەخۆیی بەدەستنەهێنێت.

**● شێخی بەردەوامی و ئاشكرایی.. شێخ ئەحمەدی بارزان (شێخی زیندان و ئاوارەیی)**

بە لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، ماوەیەكی دیكەی بۆشایی لە كوردستان دروست بوو، چونكە بزووتنەوەكە بە سەختی تێكهاڕدرا. ئەوەی جێی سەرنج پێدانە هەموو عەشیرەتەكانی كوردستان لەو لێدانەی بزووتنەوەی بارزان بەشداربوون، تەنانەت ئەوەی بارزانییەكان لە خاكەڕایی خۆیان دەیشارنەوە ئەوە بوو بەشێك لە شێخەكانی نەهری، وەك سەید تەها بەشداری

**ئەگەر شێخ عەبدولسەلام بارزانی مابایە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان، لەو گۆڕانكارییانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ناوچەكەماندا ڕوویاندەدا، مەحاڵ بوو كورد دەستكەوتێك بۆ جۆرێك لە سەربەخۆیی بەدەستنەهێنێت**

**بە لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، ماوەیەكی دیكەی بۆشایی لە كوردستان دروست بوو، چونكە بزووتنەوەكە بە سەختی تێكهاڕدرا**

**یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی قۆناخی شێخ ئەحمەد ئەوەبوو لەو بارودۆخە سەختەی ئەوكاتدا باوەڕەكانی بارزانی جارێكی دیكە بە كردەنی كردەوە و ئاشكرای كردن. هەروەها داهێنانێكی زۆری كرد لە پووچەڵكردنەی بانگەشەی فریودەری ئینگلیز و حكومەتی عێراقی تازە سەرپاو و ئاغاكان و شێخەكانی دەوروبەر كە گوایە ئەو بزووتنەوەیە دژی ئایینی ئیسلامە**

شەڕەکە بوون، هەروەها شێخ ڕەشیدی لۆلان، شێخەکانی سورچی لە پێشەوەی ئەو جەنگە بوون. بنەماڵەی بارزان بە جۆرێك پەرتوبڵاو و بێدەسەڵات بوون کە دایکی بارزانی و منداڵەکەی کە مستەفا بارزانی بووە، لە دۆڵێك لەم دۆڵانەی بارزان دەشاردرێنەوە، کاتێك کە دەیاندۆزنەوە، سەید تەهای نەهری دەڵێت: ئەمە ژنی شێخ محەمەدە و منداڵەکەیەتی، ئینجا ڕادەستی عوسمانییەکانی دەکات. عوسمانییەکان وەك حکومەتی ئایینی و داگیرکەری کوردستان، وەک لە بەڵگەنامەکاندا هەیە هەموو بڕیارەکەیان بریتی بووە لەوە کە بزووتنەوەی بارزان فیتنە دروست دەکات، فەساد بڵاودەکاتەوە، ئایین تێك دەدەن و کۆمەڵگە و سیستەم بە لاڕیدا دەبات، بۆیە کوشتن و لەناو بردنیان حەڵاڵە. بە کورتی، لە ١٩٢٦ بەولاوە، جارێکی تر بزووتنەوەکە گیان دەگرێت بە کۆبوونەوەی کاربەدەستە بەدەسەڵاتەکانی پەیڕەوانی بارزان و کەسوکاریان، شێخ ئەحمەدی بارزان(شێخی پێنجەم کۆتایی) بەیعەتی پێدەکرێت. ئەو کارە لە کۆنگرەی سەری موسەکان لە چیای شیرین ئەنجامدرا. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی قۆناخی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو لەو بارودۆخە سەختەی ئەوکاتدا باوەڕەکانی بارزانی جارێکی دیکە بە کردەنی کردەوە و ئاشکرای کردن. هەروەها داهێنانێکی زۆری کرد لە پووچەڵکردنەی بانگەشەی فریودەری ئینگلیز و حکومەتی عێراقی تازە سەپاو و ئاغاکان و شێخەکانی دەوروبەر کە گوایە ئەو بزووتنەوەیە دژی ئایینی ئیسلامە. توانایی شێخ ئەحمەد لەوەدا بوو کە بڕوابوونی بۆ بیروباوەڕەکەی خۆی لای پەیڕەوەکانی دروست دەکرد و ڕێگەی بۆ دەکردەوە تا لە کۆمەڵگەی کوردستانی و ئیسلامیدا چاکسازی بکرێت و ئاسانکاری هەبێ تا مرۆڤ بتوانێت لەسەری بەردەوام بێت. هەڵبەت شێخ ئەحمەدی بارزان لەسەر فراوانکردن و جێبەجێکردنی بیروباوەڕەکە کارێکی زۆری کرد، بەمەش کاریگەریی ئەو لە ناو پێنج شێخەکەی بارزان دەدرەوشێتەوە. ئەمە لەو قۆناغەدا بوو کە مستەفا بارزانی برای وەك سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی سەریهەڵدا. مستەفا بارزانی جگە لەوەی جەنگاوەر بوو، بەردەوامیدەرێکی داهێنەری پەروەردەی سیاسی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو. ئەو پێیوابوو جەنگاوەری بۆ بەرگریکردن دەبێ بەشێك بێت لە بزووتنەوەی بارزان. کاتێك ئەو هاتە مەیدان، هەموو بیروباوەڕەکانی شێخ عەبدولسەلام بە سەرپەرشتی شێخ ئەحمەد، بواری جێبەجێکردنی پەیداکرد. شێخ ئەحمەد بایەخی زۆری بە قوڵترکردنەوەی باوەڕەکان و جێبەجێکردنی لە ناوچەی بارزان دەدا. لەو پیناوەدا نموونەی ئینسانی کامڵ و دادپەروەر و یەکسانی بوو. لە مقاوەمەت و فیداکاریدا هیچی لە شێخ عەبدولسەلام کەمتر نەبوو، چەندین جار ئاوارە و زیندانی دیت و دواجار پاش گەڕانەوەی لە پشتیوانی کۆماری مهاباد، بە ئیعدام مەحکوم کرا و دوانزدە ساڵ لە زیندانی ناسریە لە چاوەڕوانی ئیعدام بوو، بەڵام چۆکی دانەدا. ئەو لە زیندانەوە پەیوەندی بە پەیڕەوەکانی بارزان دەکرد و ڕێنوینی عەقیدەیی دەدانێ.



**● مستەفا بارزانی.. ئەوەی کە دەبوا عەقیدەکە بکاتە بزووتنەوە**

لە ژیانی مستەفا بارزانی دا، گۆڕانکارییەکان زۆرخێرا بوون، کۆلۆنیالیزم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کردو کوردستاني بەسەر چوار پارچەدا بەش کرد، ئینگلیز بە ئاگر و ئاسن دەیویست دەوڵەتی دەستکردی عێراق بسەپێنێت. مستەفا بارزانی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بۆ تورکیای کەمالی دوورخرایەوە، نزیک بە دوو ساڵ لەوێ مایەوە، دواتر گەڕایەوە، لە شەڕ و گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراق و ئینگلیزدا، ئەزموونێکی دۆڵەمەندی وەرگرت، لە شکستی ١٩٣٦ کە هەموو سەرکردەکانی بارزان دەستگیر کران، بۆ باشوری عێراق دوورخرانەوە، دواتر هێنرانەوە سلێمانی. لە کاتێکدا مستەفا بارزانی لە سلێمانی بوو کە شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید تێکشکابوو، بێهیواییەکی کوشندە باڵی بەسەر شاردا کێشابوو، ئەو شارەی کە ناوەندی بزووتنەوەی سیاسیی ئەو کات بوو. لە ناو سلێمانیدا گفتوگۆیەکی جدی و هەمەگیر هەبوو، پێویستە چی بکەین؟ ماڵەکانی نووسەر و مەلا و ڕۆشنگەر و بەگزادەکانی سلێمانی شوێنی گفتوگۆ بوون، بارزانی لە زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەدا بێ هیچ بانگەشەیەك و بێ دەنگ بەشدار دەبوو.




مەولانا خالیدی نەقشبەندی

**کاتێک مستەفا بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان، هەیئەتی (لیژنەی) ئازادی وەک بەرەیەک دروست کرد. ئەوهەنگاوەی وەک بەشێک لە عەقیدە و واقیعبینی سیاسی دەستپێکرد، چونکە شێخ عەبدولسەلامیش دەیویست ڕێکخراوێکی لەو چەشنە دروستبکات**

کاتێك لە ساڵی **١٩٤٣** سلێمانی لەڕێگەی کوردستانی ئێرانەوە بەجێهێشت و گەڕایەوە بارزان و شۆڕشی**١٩٤٦** لە بارزان دەستپێکرد، هەڵگری ئەو ئەزموونە بوو کە لە شکستی سلێمانی و شۆڕشی شێخ مەحمودیشدا وەریگرتبوو. لەوە گرنگتر ئەزموونی بزووتنەوەی سیاسی کورد داخلی  قۆناغێکی نوێ ببوو، حزبی هیوا وەک ڕێکخراوی سەرەتایی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان دروست ببوو. کاتێك مستەفا بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان، هەیئەتی (لیژنەی) ئازادی وەك بەرەیەك دروست کرد. ئەو هەنگاوەی وەک بەشێك لە عەقیدە و واقیعبینیی سیاسی دەستپێکرد، چونکە شێخ عەبدولسەلامیش دەیویست ڕێکخراوێکی لەو چەشنە دروستبکات، ئەوەش لەو کۆبوونەوە دەردەکەوێ کە لە گوندی بریفکان بە کەسایەتی و سەرۆک خێڵەکانی کوردستانی کرد.

مستەفا بارزانی لەگەڵ خۆیدا هەموو سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەی سۆرانی بردە بارزان، بزووتنەوەی کوردی خستە قۆناغێکی نوێوە، وەك شێخ عەبدولسەلام دەگەڕا و هەموو ناوچەکانی کوردستانی بەسەردەکردەوە و پرس و ڕای پێدەکردن، ئامانجی بوو تەنیا لە ناوچەی بارزان قەتیس نەخوات. پرسیارێک لە ناو دەستەندەرکارانی بزووتنەوەی بارزان دروست بوو: ئەگەر سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بکەن، ئەدی عەقیدەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی چ لێبکەن؟ لە سلێمانی بزووتنەوەیەك هەبوو عەقیدەی تێدا نەبوو، شۆڕشێك تێکشکابوو، بەس دووکەڵ لە مێژووی هەڵدەستا و تەنیا کوشتوکوشتاری لێ بەجێ مابوو، هەڵهێنجانێکی فکری و سیاسی تێدا نەبوو. زیرەکیی مستەفا بارزانی، وەك زیرەکیی شێخ عەبدولسەلام بوو، چۆن ئەو لە گۆڕانکاریی عوسمانی و ئێرانی، ناسیۆنالیزمی بەشێوەیەکی داهێنەرانە ڕاست و ڕەوان هێنایە نێو عەقیدەی بزووتنەوەی خۆی،



شیخ مارفی نودێ

مستەفا بارزانی ئەم عەقیدەیەی خستە نێو بزووتنەوەی سیاسییەوە. واتە لەسەر بنەماکانی چاکسازی سازشی نەکرد، بەڵام لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بەو کاریگەرییە سەرکردەییەی لە دەرەوەی بزووتنەوەی بارزانیش هەیبوو ئەو لکاندنە داهێنەرانەی لە نێوان عەقیدەی بارزان و بزووتنەوەی سیاسی بۆ ڕزگاریی نیشتمانی ئەنجامدا. هەڵبەت دوای شکستی ١٩٤٦ و پاشەکشەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستانی باشور (بە هەردوو لقی بارزان و سیاسییە بەرفراوانەکە) بۆ کۆماری مەهاباد، دیسان ئەزموون و زانیاریی مستەفا بارزانی بووە خاوەنی دەرسێکی دیکە وەک سەرکردەیەک لە گەشەی بەردەوامدا بیری دەکردەوە. لە شکستی کۆماری مەهاباد دا لە ١٩٤٧، گەڕانەوە و دوایی بڕینی سێ سنوور و داستانی ڕووباری ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، خوێندن لەوێ و ئاگاداربوون لە فیکر و گۆڕانکاریی ئەوروپا، هەروەها ململانێی سۆڤییەت و ڕۆژئاوای بینی، کاتێک گەڕایەوە کوردستان، ئەو پیاوە کامڵە بوو کە ڕەسەنایەتیی بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی بەو بنەمایە عەقیدەییانەی لە بارزان هەبوو، بەو فیکرە قەومییەی لەناو کورددا پەرەیسەندبوو، موتوربەیەکی لە نێوانی هەردووکیاندا کرد. ئەمەیە پێی دەگوترێ ڕێبازی بارزانی کە بریتییە لە بنەماکانی گواستنەوەی عەقیدەی کۆمەڵایەتیی بارزان وێڕای بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی نیشتمانی بۆ هەموو کوردستان. هەرئەوەیە کەوا بیروباوەڕی بارزانی بە شکستی سیاسی و سەربازی کۆتایی نایەت، کاتێک عەقیدە پێویستییەکی گۆڕانکاریی ناو کۆمەڵگە بێت، بە شکانی سەربازی و سیاسی کۆتایی نایەت و هەستانەوەی ئاسانە. دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر کەلاوەکانی تێکشکانی کورد بوو لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٤٠.

**مستەفا بارزانی لەگەڵ خۆیدا هەموو سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەی سۆرانی بردە بارزان، بزووتنەوەی کوردی خستە قۆناغێکی نوێوە، وەک شێخ عەبدولسەلام دەگەڕا و هەموو ناوچەکانی کوردستانی بەسەردەکردەوە و پرس و ڕای پێدەکردن**



شێخ ئەحمەدی سەردار

● **ئەنجام**

تایبەتمەندییەکی زۆر سەرنجڕاکێش و گرنگ لە ناو عەقیدەی بارزانیدا ئەوەیە کە عەقیدەیەکی کراوەیە، واتە زانیاری و ڕزگاری و بەختەوەریی مرۆڤ ئامانجی سەرەکییە. بۆیە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمان یەکدەگرێتەوە. بۆ نموونە شێخ عەبدولسەلام لە ساڵی ١٩٠٧ داوای لە عوسمانییەکان کرد قوتابخانەیەك لە بارزان بکەنەوە، خۆی سەردانی قوتابخانەکەی کردووە. مستەفا بارزانی کە لە سۆڤیەت بوو، یەکێك لە داواکانی لە حکومەتی سۆڤییەت ئەوە بوو ئەو جەنگاوەر و سیاسەتمەدارانەی لەگەڵیدابوون، هاوکاری بکرێن تا بخوێنن و پێبگەن. دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لە ساڵی١٩٥٩ یەك سوپا لە بەکالۆریۆس و دیبلۆمی لەگەڵ خۆی هێنایەوە. سەرەنجام بزووتنەوەی بارزان و کوردایەتی وەك ئێستا لێی تێدەگەین لەسەر کۆمەڵێ بنەما دانا. بنەماکان بە نەگۆڕی ماونەتەوە کە بریتین لە: دادگەریی، بەرابەریی ژن و پیاو، ئەنجامدانی چاکسازیی، نیشتمانپەروەریی.

ئێستا ئێمە خاوەنی ئەو بیروباوەڕە ڕەسەنەین. ئەم ڕەسەنایەتییە لەو مێژووەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، هەر میللەتێك بیروباوەڕەکەی ڕەسەن بێت لەبن نایە. لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەموو یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تاکە حکومەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حکومەتەکە لە میللەتەکە پێشکەوتووترە، سەرباری هەموو کەموکوڕییەکان، قانونەکانی لەسەرەوە دەردەکرێن و دواتر ئەگەر جێبەجێش نەکرێن ڕۆژگارێک ڕێی جێبەجێکردنیان بۆ دەکرێتەوە، ئەوەش بۆ عەقیدەی بارزان دەگەڕێتەوە. ئەوەش درێژکراوەی ئەو چاکسازییانەیە کە مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا دەیکرد، لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی شۆڕش و یەکێتیی زانایانی ئایینی. توانای بارزانی لەوەدابوو، پیاوانی ئایینی کوردستانی لەسەر بنەمای ئەو مێژووە عیرفانییە کردبووە ڕێکخراوەیەك کە لایەنگر و جێبەجێکاری چاکسازیی کۆمەڵایەتی بن. تەنیا سەرکردەکانی خاوەن کاریزماتیك و باوەڕ دەتوانن ڕوو لە کۆمەڵگا بکەن و باوەڕەکانیان پێ تەعدیل بکەن، بەڵێ دەتوانن ئەمە بکەن. یاساکانی هەرێمی کوردستان درێژبووەی ئەوەیە و فیکری چاکسازی و باشترکردنی ژیان و پێشکەوتنی کورد کە ناوەستێ ئەم مێژووەی هەیە. دەبێ شانازی پێوەبکەین و زیاتر بیناسین و بە دنیای بناسێنین. لە ناو میللەتی خۆماندا چونکە بەمشێوەیە جێی گفتوگۆبێت و پێی ئاشنابن، ئەمە کەلەپووری میللەتی کوردە.

**بیروباوەڕی بارزانی بە شکستی سیاسی و سەربازی کۆتایی نایەت، کاتێک عەقیدە پێویستییەکی گۆڕانکاریی ناو کۆمەڵگە بێت، بە شکانی سەربازی و سیاسی کۆتایی نایەت و هەستانەوەی ئاسانە**

ئەو بیروباوەڕە لەم زەمانەدا بووەتە بنەمایەکی پتەو بۆ بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، هەروەها کەلەپوورێکی دەوڵەمەندە بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئایینی، تەجرەبەیەکی میللی دەوڵەمەندە لە گواستنەوەی کۆمەڵگا بۆ ناو دەرگای دنیایەکی ئاوەدان و دادپەروەر و زانستدۆست. ئەزموونێکی بە پێزە بۆ یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و ئایین و مەزهەبەکانی کوردستان.

کە دەگوترێ ڕێبازی بارزانی لە حزبێک فراوانترە و موڵکی هەموو کوردستانە، بۆ ئەم چیرۆکە مێژووییە دەگەڕێتەوە، ئەمەش حەقیقەتە.

**● تێبینی:**

ئەم نووسینە کورتەی کتێبی تازەی منە لەسەر ئەم بابەتە. هیوادارم لە ماوەیەکی کورتدا بکەوێتە بەردەستان.

ئەمەش هەندێک لە سەرچاوە پێویستەکان:


سەرچاوەکانی توێژینەوە لەسەر بزووتنەوەی بارزان

١. بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ب ١ مسعود بارزانی
٢. شیخ احمد، شیخ بارزان الخامس
٣. المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨
٤. یادی مەردان ب ١ ،٢ مەلا عەبدالکریمی مودەرس
٥. عنقای بقا در قاف وفا امیر فرهنگ ایمانی
(وقایع هجرت حضرت بهائوالله به سلیمانیه و کوه سرگلو)
٦. گاتها یا سرودهای اسمانی زرتشت موید فیروز اذرگشب
٧. اوستا گزارش و پژوهش جلیل دوستخواه
٨. از مزدک تا بعد رحیم رئیس نیا
٩. در تاریخ حروفیه دکتر یعقوب اژند
١٠. جنبش حروفیه و نهضت پسیخانیان «نقطویه» علی میر فطروس
١١. نقطویه پیدایش و تکاپو در قرن نهم صادق حیدری نیا
١٢. تاریخ سامانیان عصر طلایی ایران بعد از اسلام دکتر جواد هروی
١٣. بابک خرم دین دلاور اذربایجان استاد سعید نفیسی به اهتمام عبدالکریم جربزەدار
١٤. اهورا مزدا دکتر جهانگیر اوشیدری
١٥. ایین زرتشت شادی اریابند
١٦. بابک خرمدین م. پرمون
١٧. تاریخ ایرانیان و عربها در زمان ساسانیان تئودور نولدکه ترجمه عباس زریاب
١٨. ابن سینا و جنبش های باطنی (مجموعه مقالات) به کوشش محمد کریمی زنجانی اصل
١٩. فرهنگ ایرانیان باستان پور داود بخش نخست
٢٠. تاریخ فتوحات مغول نوشته ج ج ساندرز ترجمه ابوالقاسم حالت
٢١. تاریخ اقتصادی روستاییان و طبقات اجتماعی ایران از دوران ماقبل تاریخی تا پایان ساسانیان غلامرضا انصافپور
٢٢. تاریخ تشیع در ایران رسول جعفریان
٢٣. تاریخ اسماعیلیان برنارد لویس ترجمه دکتر فریدون بدرەای
٢٤. نبرد اندیشەها در ایران پس از اسلام فضل بن شادان نیشابوری
٢٥. تصوف و ادبیات تصوف یوگنی ادواردویچ برتلس ترجمه سیروس ایزدی
٢٦. تاریخ فرق اسلامی دکتر حسین صابری جلد ١و٢
٢٧. بودا ع، پاشائی
٢٨. کنفسیوس، دائو، بودا دو وی مینگ، مایکل استریک من، فرانک رینولز ترجمه غلامرضا شیخ زین الدین
٢٩. اندیشه سیاسی ایرانی از حلاج تا سجستانی محمد کریمی زنجانی اصل
٣٠. ایین میترا مارتین ورمازرن ترجمه بزرگ نادر زاد
٣١. اسطوره اهل حق ایرج بهرامی
٣٢. فلسفه اعتقادی مزدک «جست و جوی عدالت در دنیای باستان» ابوالقاسم اخته
٣٣. چهره و نقش زن در ایین مانی امید ملاک بهبهانی
٣٤. زرتشت و دین ایرانی انیر حسین خنجی
٣٥. نهێنیەکانی ئایینی میترایی فرانتس کۆمۆن وەرگێرانی فەرهاد عەزیز خۆشناو
٣٦. اوضاع سیاسی، مذهبی ایران در استانه ظهور اسلام حسین مفتخری
٣٧. ابومسلم خراسانی ویکی فقه
٣٨. النقشبندية الكردية من مولانا خالد الى كنعان افرين حسين جمو
٣٩. شیخ احمد سرهندی عالم بزرگ دیوبندیه مجتبی محیطی
٤٠. سید کاظم رشتی ویکی شیعه
٤١. علویان ترکیه ویکی شیعه
٤٢. سید رضا درسیمی ترجمه دکتر سیاوش مرشدی
٤٣. اداب و رسوم علویان ترکیه مریم پناهنده
٤٤. خالد نقشبندی دانشنامه جهان اسلام
٤٥. ابن سینا جرج بی کوج ترجمه ذبیح الله منصوری
٤٦. ایین مزدک مبلغی ابادانی
٤٧. تاریخ بهاالله و البهائية في العراق محفل الروحاني للبهاءيين
٤٨. ادیان زنده جهان رابرت ا. هیوم ترجمەدکتر عبدالکریم گواهی
٤٩. شرح حال حضرت مولانا شاه عبدالله غلامعلی دهلوی
٥٠. بهاالدین نقشبند دانشنامه جهان اسلام
٥١. شاذلیه دانشنامه فرق اسلامی
٥٢. بکتاشیه ویکی شیعه
٥٣. مانی نقاش تاریخ ما
٥٤. تحلیل عقاید شیخیه در بسترسازی بابیت و بهائیت حمید فلاحتی، سامانه نشریات
٥٥. مهدویت ویکی شیعه
٥٦. مقنع ویکی پیدیا
٥٧. قرةالعین نابغه دوران
٥٨. ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە مستەفا عەسکەری
٥٩٠ کۆمەڵی هەقە ١٩٢٠-١٩٨٦ ڕێبوار حەمە تۆفیق
٦٠. کوردستان ئەی نیشتمانەکەم بەهیە فەرەجوڵا زەکی مەریوانی وەرگێرانی ئەنوەر سوڵتانی
٦١. کردها، ترکها ، عربها سیسیل جی ادموندز ترجمه ابراهیم یونسی
٦٢. ریگ ودا دکتر سید محمد رضاجلالی نایینی
٦٣. فرقەهای شیعه جلد سوم ارتا رحیمی
٦٤. اختلاف شیخیه کرمان ... محمد خداوردی تاج ابادی
٦٥. طاهره (قرةالعین) لوول جانسون ترجمه دکتر مینو ثابت
٦٦. مهدالبشرية ویگرام


**کۆتایی**

**مستەفا بارزانی کە لە سۆڤیەت بوو، یەکێک لە داواکانی لە حکومەتی سۆڤییەت ئەوە بوو ئەو جەنگاوەر و سیاسەتمەدارانەی لەگەڵیدابوون، هاوکاری بکرێن تا بخوێنن و پێبگەن. دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لە ساڵی١٩٥٩ یەک سوپا لە بەکالۆریۆس و دیبلۆمی لەگەڵ خۆی هێنایەوە**

**توانای بارزانی لەوەدابوو، پیاوانی ئایینی کوردستانی لەسەر بنەمای ئەو مێژووە عیرفانییە کردبووە ڕێکخراوەیەک کە لایەنگر و جێبەجێکاری چاکسازیی کۆمەڵایەتی بن**



# کابینەی نۆ:
# یەکڕیزیی نێوخۆ، چاکسازیی لەسەرخۆ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت



**سەرۆک وەزیران دەستی کراوە بێت و ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ستافەکەی و دانانی ئەو کەسانەی کە لە رووی تواناو شایستەییەوە لەکابینەکەدا ئامادەییان دەبێت**

**بەڵێنەکانی هەر حکومەتێک بۆ ئەوەی بێنەدی، پێویستە کەم بن، لەتواناداا بن، سەرەکی بن، لە پێشەوەی ریزبەندی بایەخی هاووڵاتیاندا بن**

## ● پێشەکی:

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە بەرهەمی رەنج و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی دەیان ساڵی پێش ئەمرۆ، ئاوات و هیوا و خەونی لەمێژینەی پۆل پۆلی باپیرانی رووخسار رووناك و دوعا و نزا و گریان و پاڕانەوەی نیوەی شەوانی هەزارەهای داپیرانی دڵپاك بووە. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە ئاواتی دێرینی چەندین سەرکردەو سیمبوڵی ناوداری گەلەکەمان بووە، کە مەرگ و شەهیدبوون، دەرفەتی بینینی ئەم دەستکەوتانەی ئەمرۆی بەوان نەدا. ئەوان بە رێبازێکی پاك و رێگایەکی رووناك و قسەگەلێکی چاك، لە شوێنی هەقی خۆیانەوە، رۆحیان ئاوێتەی هەنگاو بە هەنگاوی کارەکانمانن، بۆیە جێگەی خۆیەتی و مافیشیان بە سەرمانەوە هەیە کە ئاوات و رێنمایی و گوفتار و رەفتارەکانیان لە پێکهێنانی حکومەتی ئێستای کوردستان و بەرێوەبردنی هەرێمدا رەنگ بدەنەوە.

رێبازی نەمران و رۆحی باوکانی کوردایەتی و رێبەرانی تەریقەت و عاریفانی حەقیقەت وا دەخوازن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپاڵ هەموو بەرنامەو میکانیزمەکانی کاردا، سۆفت پاوەرێکی هەبێت کە لە درێژایی خەباتی پێشینانماندا، داواکراو و خوازراو بووە، بۆیە سۆف پاوەری ئێمە دەکرێت لە حزووری رۆحیی و لە ئامادەیی گیانیی رێبەرو رابەرانماندا بێت لە رێگەی بەرجەستەکردنی خواستەکانیان لە:

١. یەکرێزیی و تەبایی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.
٢. پاراستنی بەهای خێزان و ئەخلاقی کوردەواری.
٣. رێزگرتن لە ئافرەتان و مافەکانیان.
٤. خۆشویستنی سرووشت و پاراستنی ژینگە.
٥. کارکردن لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری کوردییانە بۆ کێشەکان.
٦. بەردەوامبوون لە ریفۆرم و چاکسازیی لەو بوارانەی کە پێویستن بۆ نموونە:

## ● یەکەم: ئەو خاڵانەی پەیوەستن بەخودی کابینەکەوە

١. سەرۆك وەزیران دەستی کراوە بێت و ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ستافەکەی و دانانی ئەو کەسانەی کە لە رووی تواناو شایستەییەوە لە کابینەکەدا ئامادەییان دەبێت.
٢. چاوخشاندنەوەو پێداچوونەوە بە پەیکەری کارگێڕی و ئیداریی حکومەتدا بۆ لادانی ئەڵقە زیادەکان و کەمکردنەوەی رۆتین و بەهەدەردانی دارایی و بێکاریی داپۆشراو.
٣. هەبوونی متمانەی لایەنە بەشداربووەکانی نێو کابینەکە بە بەرنامەی حکومەت و کارکردن بەگیانی تیم.

## ● دووەم: ئەوەی پەیوەستە بە کەسایەتیی وەزیرەکانەوە، وا باشە وەزیرەکان:

١. تەکنۆ سیاسیی بن، نەك تەنیا تەکنۆکرات، یان تەنیا سیاسی.
٢. لە رابردوودا چیرۆکی سەرکەوتنیان هەبووبێت.
٣. نزیك بن لەناخی خەڵك و شەقام و گرفتەکانیان.

## ● سێیەم: ئەوەی پەیوەستە بە بەرنامەی حکومەتەوە، وا باشە بەرنامەکە:

١. پوختەی ئەو بەڵێنە هاوبەشانە بن، کە لایەنەکانی نێو حکومەت بە دەنگدەرانیان داوە.
٢. بەڵێنەکانی هەر حکومەتێکیش بۆ ئەوەی بێنەدی، پێویستە کەم بن، لە تواناداا بن، سەرەکی بن، لە پێشەوەی ریزبەندی بایەخی هاووڵاتیاندا بن.
٣. لە ماوەی تەمەنی کابینەکەدا بتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

## ● چوارەم: ئەو سێکتەرانەی چاکسازیی خێراتریان پێویستە:

● سێکتەری پەروەردەو خوێندنی باڵا

١. برەودان بەخوێدنی پیشەیی و ئامادەکردنی چینی ناوەند لە دەستی کاری کارامەی پێشکەوتوو.
٢. گۆڕینی شێوازی چوونە زانکۆ بەم لێشاوەی ئێستا، کە دواجار زۆربەیان بێکار دەمێننەوە، بێکارییش هۆکاریی زۆرێك لە گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانە.

٣. پێداچوونەوە بەو ژمارە زۆرەی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ ئەهلییانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبن و، هەلی کاریش بۆ دەرچووانیان دابین ناکرێت.

● سێکتەری میدیا و ڕاگەیاندن

١. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن بە مەبەستی:

- چۆنیەتی هەماهەنگی لەنێوان ٤٠ کەناڵی ئاسمانی کوردی و ١٢٢ کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ١٨٠ ڕادیۆی کوردستانی و ٩٨٧ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردستانی.

- بۆ دیارکردنی ئەرکە ستراتیژییەکانی میدیا بۆ پاراستنی ئاسایش ء ئارامی و نزیککردنەوەی گۆشەنیگاکان لەبارەی دەستنیشانکردنی هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر سەقامگیریی ناوخۆییمان و گەیشتن بە کۆدەنگییەك بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە.

● سێکتەری ئابووریی و کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراك:

١. بایەخدان بە بواری ئابووریی و گواستنەوە لە ئابووری حکومەتەوە بۆ حکومەتی ئابووری، چونکە کێشەکانمان ئەوەندەی ئابوورین، ئەوەندە سیاسی نین.

٢. پشتگیریکردنی پڕۆسەی کاراکردنەوەی ڕۆڵی گوندەکان.

٣. زیندووکردنەوەی ئابووری کشتوکاڵی و دابینکردنی خودبژێوی.

٤. بە زانستیکردنی کەرتی کشتوکاڵ، بە هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم.

٥. دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراك و دابینکردنی دەرفەتی کار.

● سێکتەری ڕۆشنبیری و هۆشیاری

١. گۆڕینی بەرنامە ڕۆشنبیرییەکان بە ئاراستەی ڕەوشتپارێزی و سەردەمیبوون و ژیاندۆستی.

٢. هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی لاوان لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕی خاوەن هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و میانڕەو.

٣. خستنەڕووی ئاکام و زیانەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەك و توندوتیژی و دەرئەنجامە ترسناکەکانی هزری تەکفیر و توندڕەویی لەسەر تاك و کۆمەڵگە.

٤. کاراکردنی یاسای زمان و پاراستنی زمانی کوردی لە سەردەمی هەژموونی زمانی ئینگلیزی و زمانە بیانییەکاندا.

● سێکتەری تەندروستی:

١. هەڵمەتی دۆزینەوەو لادان و سزادانی پزیشکانی بێ بڕوانامە، یان خاوەن بڕوانامەی تەزویر.

٢. ئاگاداربوون لە بازرگانانی هاوردەکردنی دەرمان و کۆگاکانیان.

٣. هەڵمەتی چڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و تلیاك، کە مەترسیی گەورەی لەسەر ئایندەی توانا مرۆییەکانمان هەیە.

● سێکتەری ژینگە:

١. پەلەکردن لە کارکردن بەسیستمی ریسایکلینگ بۆ زبڵ وخاشاك و مادده بەکارهاتووەکان و پاشماوەی نەخۆشخانەکان.

٢. بنیاتنانی شاری پیشەسازی، نەك ناوچەی پیشەسازی، بە مەبەستی دوورخستنەوەی شوێنی نیشتەجێی هاووڵاتیان لە شوێنی کارگەکان.

٣. پەلەکردن لە دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی هۆکاری تایبەت و دانانی پلانێکی ژینگەییانە لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلدا.

٤. کاراکردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو و زیادکردنی بەنداوی مامناوەندی و گلدانەوەی ئاوی زیاترو پاراستنی ئاوی ژێرزەوی.

### ● پێنجەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی ئەنجومەنی وەزیران

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و وەزارەتەکان ژمارەیەکی زۆریان لە ڕاوێژکاران هەیە. هەندێك لەم ڕاوێژکارانە لەوانەیە دەوام نەکەن، هەندێکیشیان لەوانەیە لە دەرەوەی وڵات بن، هەندێکیشیان لەوانەیە خەڵات کرابن بۆ خەباتی پێشوویان، هەندێکیشیان کاری دیکە دەکەن، ژمارەیەك لەوان دەمێنێتەوە کە دەیانەوێت ڕاوێژیان پێ بکرێت، بەڵام وەك زۆربەیان لە دیدارەکانیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، هەست دەکەن وەك پێویست گوێیان لێ ناگیرێت.

**چۆنیەتی هەماهەنگی لەنێوان ٤٠ کەناڵی ئاسمانی کوردی و ١٢٢ کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ١٨٠ ڕادیۆی کوردستانی و ٩٨٧ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردستانی**

**میدیا پێویستە لە سەر خستنەڕووی ئاکام و زیانەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی و دەرئەنجامە ترسناکەکانی هزری تەکفیر و توندڕەویی لەسەر تاک و کۆمەڵگە کار بکات**

> **وا چاکە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوەیەکی راوێژکارانی خۆی هەبێت و کۆیان بکاتەوە لە دەستەیەکدا و سەرۆکێکی بۆ دابنێت و، دەستەیەکیان هەبێت بەناوی (ئەنجومەنی راوێژکاری)، کە ئەم دەستەیەش سوودی زۆری دەبێت**

ئەم راوێژکارانە کە وا دیارە بەتەنیا ناتوانن کاری بەرچاو ئەنجام بدەن، بۆیە وا چاکە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوەیەکی راوێژکارانی خۆی هەبێت و کۆیان بکاتەوە لە دەستەیەکدا و سەرۆکێکی بۆ دابنێت و، دەستەیەکیان هەبێت بەناوی (ئەنجومەنی راوێژکاری)، کە ئەم دەستەیەش سوودی زۆری دەبێت، لەوانە:

یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی کاری راوێژکاران.

دووەم: خستنەگەڕی تواناکانی راوێژکاران.

سێیەم: کۆکردنەوەی کارو چالاکییەکان و کارکردن بە گیانی کۆکاریی و یەك تیمی.

چوارەم: گێڕانەوەی پێگەی شایان بۆ کاری راوێژکاری.

ئەگەر (ئەنجومەنی وەزیران) بە نموونە وەربگرین، ئەوا دەتوانرێت راوێژکاران لە دەستەیەکی راوێژکاریدا پەیڕەوێکی ناوخۆیی کارکردنیان هەبێت، لەم چەشنەی لای خوارەوە:

● ناوی ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی ئەنجومەنی وەزیران

پێناسە: پێك دێت لە سەرۆك و ژمارەیەکی دیاریکراو لە راوێژکاران کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیار دەکرێن و، لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزایی پێویستیان هەیەو، یەکلابوونەتەوە بۆ کاری راوێژکاری و پڕۆژەو پێشنیار پێشکەش دەکەن، یان ئەو بابەت و پڕۆژانە تاوتوێ دەکەن کە لە لایەن ئەنجومەنەوە بۆیان رەوانە دەکرێت.

● ئامانجەکانی ئەنجومەن:

یەکەم: بەشداربوون لە لەدانانی پلان و ستراتیژیەتی نیشتمانی.

دووەم: بەشداربوون لە ئامادەکردنی باس و توێژینەوانەی کە ئەنجومەن داوایان دەکات.

سێیەم: بەشداربوون لە دۆزینەوەی میکانیزمەکانی نوێ بۆ دەزگاکانی کار راپەڕاندنی دەوڵەت.

چوارەم: بەشداربوون لە خستنەڕووی راو پێشنیاری بەسوود بۆ باشتر جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی حکومەت.

● میکانیزمی کارکردنی ئەنجومەن:

یەکەم: کۆبوونەوە بە تەواوی ئەندامەکانیەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتێکی نێو کارنامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

دووەم: رێکخستنی کۆڕو سیمینارو وۆرکشۆپ بۆ تاوتوێکردنی ئەو بابەتەی کە ئەندامانی دەستە بەپێویستی دەزانن.

سێیەم: پێکهێنانی تیمی توێژینەوەی تایبەت بە تاوتوێکردنی بابەتێکی تایبەت.

چوارەم: راسپاردنی یەکێك، یان زیاتر لە ئەندامێکی دەستە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت.

● گرووپەکانی ئەنجومەن:

١. گرووپی ئابووری: بۆ راوێژکارانی بواری نەوت و دارایی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزارو کشتوکاڵ و پیشەسازی.

٢. گرووپی خزمەتگوزاری: بۆ راوێژکارانی بواری سەرچاوەکانی وزەو ئاو و کارەبا و تەندروستی و ژینگە و کارگێڕی و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

٣. گرووپی گەشەپێدانی مرۆیی: بۆ راوێژکارانی بواری ئایینی و رۆشنبیری و لاوان و وەرزش و ئافرەتان و پەروەردەو خوێندنی باڵا.

٤. گرووپی پەرەپێدانی سیاسی: بۆ راوێژکارانی بواری بەرگری و ناوخۆ و پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیستمی فەرمانڕەوایی و یاسادانان .

٥. هەر گرووپێکی دیکە کە پێویست بێت.

● کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و گرووپەکان:
کۆبوونەوەکان دوو جۆر دەبن:

یەکەم: کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن کە مانگی جارێکە و، کۆبوونەوەی نائاساییش لەکاتی پێویستدا.

دووەم: کۆبوونەوەی گرووپەکان لەکاتی پێویستدا.

## ● شەشەم: ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

> **دەزگاو لیژنەی زۆر هەن کە کاری چاودێری و لێپرسینەوە لە گەندەڵی دەکەن، زۆر جاریش بێئاگان لەکاری یەکدی، چونکە جیا لەیەکدی کاردەکەن، بۆیە بەمەبەستی هەماهەنگیی لە نێوان ئەو دەزگا جیاوازانەدا ئەنجومەنێک پێویستە بە نێوی (ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی)**

لەبەر ئەوەی دەزگاو لیژنەی زۆر هەن کە کاری چاودێری و لێپرسینەوە لە گەندەڵی دەکەن، زۆر جاریش بێئاگان لەکاری یەکدی، چونکە جیا لەیەکدی کاردەکەن، بۆیە بەمەبەستی هەماهەنگیی لە نێوان ئەو دەزگا جیاوازانەدا ئەنجومەنێك پێویستە بە نێوی

(ئەنجومەنی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی)

- ئەو ئەنجومەنە سەر بەئەنجومەنی وەزیران دەبێت و پێکدێت لە:

یەکەم: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆی، یان یەکێك کە خۆی پەسەندی بکات، وەك سەرۆکی ئەنجومەن.

دووەم: سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی وەك ئەندام.

سێیەم: سەرۆکی دەستەی نەزاهە وەك ئەندام.

چوارەم: نوێنەرێکی دەسەڵاتی قەزایی وەك ئەندام.

پێنجەم: سەرۆکی دەستەی رێکخستنی بازاڕەکانی دراو و بۆرسە (ئەگەر ئەم دەستەیە لە هەرێمی کوردستان هەبێت).

کاری ئەم ئەنجومەنە بریتییە لە:

یەکەم: دروستکردنی هەماهەنگیی لەنێوان دەزگاکانی تایبەت بە چاودێری دارایی

دووەم: دانانی میکانیزم و شێوازو رێوشوێنی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

سێیەم: دانانی ستراتیژییەتێکی پێنج ساڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە رێگەی:

أ: هەنگاوی خێرا بەرەو چاکسازیی ئیداری و سەروەریی یاسا.

ب: چاککردنی شێوازەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

ج: گەشەپێدانی شێوازی چاودێری.

د: بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی دەستپاکی و نەزاهە و شەفافییەت.

- **حەوتەم: دەستەی کاری خۆبەخشیی هەرێمی کوردستان**

بەشێك لە کۆمەڵناسان پێیان وایە کە سەدەی نۆزدە، سەدەی دەستوور بوو، سەدەی بیست، سەدەی ئیدارە و کارگێڕی بوو، سەدەی بیست و یەکەمیش دەبێتە سەدەی کەرتی سێیەم.

زاراوەی کەرتی سێیەم تا رادەیەك زاراوەیەکی نوێیە و لە ساڵی (١٩٩٧)ـەوە بە شێوەیەکی دیار کەوتە نێو فەرهەنگی زاراوە بەکارهاتووەکانەوە.

کەرتی سێیەم کەرتی رێکخراو و دامەزراوە و دەستپێشخەرییە کەسییەکانە، کە خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانە و بێ چاوەڕوانکردنی سوودی تایبەت، بەکارەکانی خۆیان هەڵدەستن و دەبنە پاڵپشتی بۆ هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

کەرتی سێیەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، جێگەی بەرچاوی هەبووەو، چەندین نموونەی زیندووش لەبەرچاون کە خەڵکانی نێو کۆمەڵگە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە و ناسوودمەندانە، کاری خێرخوازیی و مرۆڤدۆستانەی گەورەیان ئەنجامداوە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ سوودێکی تایبەت بۆ خۆیان بووبن.

وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپاش ئەمڕۆ زۆر پشتئەستورن بە کەرتی سێیەم، کەساڵانە خەڵکانی هەستکردوو بە لێپرساوێتی نیشتمانی و ئایینی و مرۆیی پارە و سامانی خۆیان لە پرۆژەی خێرخوازیی بەردەوام و نەخشە بۆکێشراودا خەرج دەکەن.

لەلای خۆشمان پێوستیی زۆرمان بە گێڕانەوەی چەمکی کاری خۆبەخشی هەیە، لە رێگەی ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت و راگەیاندن و حکومەتەوە و، گێڕانەوەی چەمکی وەقفکردنی ماڵ و موڵك بۆ کاری خێرخوازی و، هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانی بازرگان و دەوڵەمەند لە کاری خێرخوازیی بە دامەزراوەکراو و بەردەوام.

لەم پێناوەشدا گرنگە پەرلەمان یاسایەکی هەبێت بۆ پاراستنی کاری خێرخوازی و حکومەتیش پێویستە خۆی رزگار بکات لە ترس لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەم، چونکە حکومەتەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەپێی یاسا و بە هەردوو باڵی کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەمەوە توانیویانە بەرەوپێش بچن. دیاریشە کە کەسانی خۆبەخش ئەوانەن کە چاوەڕوانی مووچەو پاداشت ناکەن لەبەر ئەوەی باری دارایییان باشە، جا بە هۆی پرۆژەکانیانەوە بێت، یان بەهۆی مووچەی خانەنشینییەوە بێت. ئەم جۆرە کەسانەش ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیان لە زیادبوونە و ژمارەیەکی باشی نێو ئەم کەسانەش ئامادەیی ئەوەیان هەیە کە کاری خۆبەخش بۆ حکومەت ئەنجام بدەن، بەڵام حکومەت هەلی بۆ نەڕەخساندوون و کاری نەخستووەتە بەرچاویان.

ئەزموونی وڵاتانی دنیا زۆرن کە خانەنشینان

**کەرتی سێیەم کەرتی رێکخراو و دامەزراوە و دەستپێشخەرییە کەسییەکانە، کە خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانە و بێ چاوەڕوانکردنی سوودی تایبەت، بەکارەکانی خۆیان هەڵدەستن و دەبنە پاڵپشتی بۆ هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت**

**حکومەتیش پێویستە خۆی رزگار بکات لە ترس لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەم، چونکە حکومەتەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بەپێی یاسا و بە هەردوو باڵی کەرتی تایبەت و کەرتی سێیەمەوە توانیویانە بەرەوپێش بچن**

و دەوڵەمەندان بەخۆڕایی کار بۆ دەوڵەت و وڵاتی خۆیان دەکەن لەو بوارانەی کە دەوڵەت خستوویەتە بەرچاویان و ئەوانیش ئارەزوومەندانە یەکێکیان لێ هەڵبژاردووە.

جا بەمەبەستی داهێنان و برەودان بەم ئەزموونە دەکرێت ئەنجومەنێکمان هەبێت بەم شێوازەی خوارەوە:

● یەکەم: ناو: دەستە، یان ئەنجومەنی کاری خۆبەخشیی هەرێمی کوردستان

● دووەم: پێناسە: کاری خۆبەخشی، ئەنجامدانی چالاکییەکی بێبەرامبەرە کە تاکێك ئارەزوومەندانە پێی هەڵدەستێت لە ڕێگەی بەخشینی بەشێك لە کاتی، یان توانای، یان پارەی، یان ئەزموونی لەو بوارەی کە تیایدا شارەزایە لە دەزگایەکی حکومەتدا، یان لە ڕێکخراوێکی خێرخوازیدا، یان لە ڕێی دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسیدا.

● سێیەم: ئامانج لە ئەنجومەن:

١. سوودوەرگرتن لە توانا مرۆییە خۆبەخشەکانی وڵات.

٢. کەمکردنەوەی قورسایی دارایی لە سەر بودجەی ساڵانە.

٣. بەهێزکردنی گیانی وڵاتدۆستی و چاکەدانەوەی نیشتمان.

٤. دۆزینەوەی بوارو هەلی کاری خۆبەخشیی بۆ ئارەزوومەندان.

٥. پەرەپێدانی لایەنە ئینسانییەکانی کۆمەڵگە بۆ بەیەکگەیشتن.

٦. هاندانی دەستپێشخەرییە خۆبەخشەکانی تاك و گۆڕینیان بۆ کردار و پرۆژە.

٧. زانینی ئاستی ئینتیمای نیشتمانیی تاك و رادەی بەدەمەوەهاتنیان.

٨. بەدامەزراوەییکردنی کاری خۆبەخشی.

● چوارەم: میکانیزمی جێبەجێکردن:

حکومەت دەتوانێت ئەم پرۆژەیە بخاتە واری جێبەجێکردنەوە لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە:

١. داواکردن لە پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی کاری خۆبەخشی.

٢. دامەزراندنی ئەنجومەنێك، یان دەستەیەك بەناوی دەستەی کاری خۆبەخشی.

٣. ساڵانە ئەنجومەن، یان دەستە جۆرو ژمارەو شوێن و کاتەکانی دەوامی ئەو پۆستانە رادەگەیەنێت کە کەسانی خۆبەخشیان پێویستە.

٤. وەرگرتن و دیراسەکردنی (سی ڤی)ی ئەو کەسانەی کە ئامادەییان تێدایە بۆ هەر یەکێك لەو پۆست و کارانە.

٥. دیارکردنی شوێن و کاتی دەوامی خۆبەخشان دوای دیداری تاکەکەسی و بە رەزامەندیی هەردوولا.

● پێنجەم: ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئەنجومەن، یان دەستە:

١. کاراکردنی بەرنامەیەکی میدیایی بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی کاری خۆبەخشی.

٢. دانانی بابەتی کاری خۆبەخشی لە پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندندا.

٣. دیارکردنی ساڵانەی هەڵکەوتوانی بواری کاری خۆبەخشی، هەرکەسەو لەبواری خۆیدا لە ڕێی لیژنەیەکی پسپۆڕ و بێلایەنەوە.

٤. خەڵاتکردنی هەڵکەوتووان لە رۆژی ٥ی دیسێمبەری هەموو ساڵێك، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە رۆژی جیهانیی کاری خۆبەخشی ناساندوویەتی.

### ● هەشتەم: ماددەی ١٤٠ لە گرفتەوە بۆ چارەسەر

١. زانین و ناساندنی ئاستەنگە نێوخۆیی و ئیقلیمیی و نێودەوڵەتییەکانی سەر ڕێگەی ماددەی ١٤٠.

٢- گەیشتن بە کۆدەنگییەك لە ڕێگەی هەماهەنگیی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەك عەرەب و تورکمان و ئاشوور کلدان.

٣- هێورکردنەوەو کەمکردنەوەو رەواندنەوەی ترسی وڵاتانی ئیقلیمی لە ئاسەوارەکانی جێبەجێکردنی ماددەکە.

### ● نۆیەم: خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئەنجام بدرێت.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئاگاداری بین لە بارەی ئەو سەرژمێرییە گرنگەوە، وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە لەوانە:

١. ئایا ئێمە ئامادەین بۆ سەرژمێری؟

٢. ئەو پرسیارانە کامانەن کە بەلای کوردەوە پێویستن لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا هەبن؟

٣. کێشەی ئاوارەکان کە بە فەرمی لەسەر

**خەڵاتکردنی هەڵکەوتووان لە رۆژی ٥ی دیسیمبەری هەموو ساڵێک، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە رۆژی جیهانیی کاری خۆبەخشی ناساندوویەتی**

**بە پشتبەستن بەماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراق، جێگەی خۆیەتی حکومەت لیژنەیەکی پسپۆڕ لەئێستاوە ئامادە بکات و لەگەڵ لایەنە دۆستەکانی نێو پەرلەمانی عێراق ڕێکبکەوێت لەسەر وردەکاریی نێو پرۆسەی ئامارو سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا**



پارێزگاکانی خۆیان ئەژمار دەکرێن و، پارەکەیان بۆ بودجەی ئەویێ دەچێت، کەچی خەرجییان کەوتۆتە سەر هەرێم، ئەم کێشەیە چی لێدەکرێت؟

٤. ئایا پرسیار لە نەتەوە بکرێت؟ یان مەزهەب؟ یان هەردووکیان؟ یان هیچیان؟

٥. زۆر پرسیاری دی کە پسپۆڕانی بواری ئامار باشتر دەیزانن، پێویستە لە ئێستاوە پرسیان پێ بکرێت، چونکە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری زۆرێك لە کێشەکان لە چارەسەر نزیك دەخاتەوە، وەك:

١. دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجە بە سەر هەرێم و پارێزگاکاندا.

٢. ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە ڕێگەیەکی پاك و بێگەرد.

٣. دانانی پلانی سەرکەوتووی ئابووری.

٤. دانانی پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە یان دە ساڵە.

٥. دروستکردنی بنکەی زانیاری و داتابەیسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پشت پێبەستراو.

٦. دانانی ستراتیژیەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری.

٧. دروستکردنی خوێندنگەو خەستەخانەو خانووبەرە بەپێی ژمارەی دانیشتووان.

٨. زانینی ڕێژەی سەدیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کۆمەڵگە.

٩. فاکتەری یارمەتیدەرە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەتایبەت قۆناغی راپرسیی نێو ماددەکە.

لەبەر ئەمانەو زۆر هۆی گرنگیی دیکەش، بە پشتبەستن بەماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراق، جێگەی خۆیەتی حکومەت لیژنەیەکی پسپۆڕ لەئێستاوە ئامادە بکات و لەگەڵ لایەنە دۆستەکانی نێو پەرلەمانی عێراق ڕێکبکەوێت لەسەر وردەکاریی نێو پرۆسەی ئامارو سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا.



**د. محەمەد شوکری محەمەد سەعید**

پسپۆڕ لە بواری ئابووری بۆ گوڵان:

# چاکسازی دەبێت سەرتا پاگیرو گشتگیربێت و هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە و کەس لە جێبەجێکردنی یاسا بەدەر نەبێت

**سیاسەتی ئابووری سەرکەوتوو بەردی بناخەی هەر حکومەتێکی سەرکەوتووە، بەڵام سیاسەتی ئابووری سەرکەوتووش پەیوەندییەکی گرنگی بە سەقامگیریی سیاسییەوە هەیە، ئەوەی لە کابینەی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکرێت، فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسییە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت بڕیاری بوێرانە دەربکات و لە چوارچێوەی یاسادا جێبەجێیان بکات، راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و زەمینە رەخساندن بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت ببێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان، ئەمەشیان ئەرکێکی گرنگە و مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە یەکێك بێت لە ئەولەوییەتەکانی بەرنامەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی ئابووری حکومەت و پرۆسەی چاکسازی و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.محەمەد شوکری پسپۆڕ لە بواری ئابووری ئەنجامدا و بە مجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

**ئەندامانی پارتی بەو ئاراستەیەی مستەفا بارزانی پەروەردە کراون کە شانازییە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، لەکاتێکدا زۆر لە حزبە شەعبەوییەکان شێوازی بیرکردنەوە و بۆچوونی کادیرو ئەندامانیان گۆڕیوەو بە ئاراستەی رق و قین و تێکدانی دۆخەکەیان بردووە**

**جەنابی سەرۆک بارزانی هەوڵێکی زۆری دا تاوەکو ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سازان و کارکردنی پێکەوەیی حزبەکان زامن بێت، بەهۆی هەوڵەکانیشیەوە توانرا سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لەناوخۆی کوردستاندا دابین بکرێت**

*** بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئابووریی هەر حکومەتێکی سەرکەوتوو بەندە بە ئاستی سەقامگیریی ئەمنی و سیاسییەوە. لە کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر باش سەقامگیریی ئەمنی فەراهەم کراوە، بەڵام هێشتا خەڵك ترسی لە ناسەقامگیریی سیاسی و فەوزای سیاسیی نێوان حزبەکانە کە لە پەرلەمان و پڕۆسەی حوکمڕانیدا رەنگ دەدەنەوە، ئایا وەك ئابووریناسێك چۆن سەیری فاکتەری سەقامگیریی سیاسی بۆ سیاسەتی ئابووریی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟ ئایا بۆ دابینکردنی ئەم سەقامگیرییە تا چەند حکومەت پێویستی بە یاسایەك هەیە تا لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت و دواتر بخرێتە واری کارەوە؟**

- ئیدارەی رەشید و حوکمڕانیی باش دەتواندرێت بە هۆیانەوە پرۆسەی سیاسیی لەناوخۆی وڵاتدا بخرێتە سەر رێگای راست، ئەم رێگە راست و رەوشە ساغڵەمەش بە پاراستنی سەقامگیریی ئەمنی و بە هۆی کۆمەڵێك چاکسازیی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت. لە هەرێمی کوردستان جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵێکی زۆری دا تاوەکو ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سازان و کارکردنی پێکەوەیی حزبەکان زامن بێت، بەهۆی هەوڵەکانیشیەوە توانرا سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لەناوخۆی کوردستاندا دابین بکرێت، ئەمەش هەمووی لەپێناو رەچاوکردنی خواست و داواکارییەکانی جەماوەری کوردستانە. ئەوەی ئێستا لە دۆخی سیاسی ناوخۆیی هەرێمدا روودەدات و بوونی هەیە، دروست بوونی نامتمانەییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ئەم نامتمانەییە لە هۆکاری کۆمەڵێك ئەنجامی کەڵەکەبووی ساڵانی رابردووەوە کەوتۆتەوە، ململانێی نێوان حزبەکان بەڕادەیەکی خراپ دۆخەکەی لەکابینەی هەشتەمدا ئاڵۆز کرد، تا ئەو ئاستەی کە پرۆسەی سیاسی بە لاڕێدا برا و ناسەقامگیری سیاسی و پشێوی و بێسەروبەری لێکەوتەوە. بەشێکی زۆری فاکتەری ئەم بارە ناهەموارە لە دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی کاروکردەوە و هەڵوێستی هەڵەی حزبەکان بووە لە بەرامبەر پرۆسەی سیاسی، کە رۆڵی هەندێك لە دامەزراوەکانی وەکو پەرلەمان و حکومەت و دادگای لاواز کرد، تەنانەت زۆر لە کەناڵەکانی راگەیاندنیش بەمەبەست بێت، یان بە ئەنقەست رۆڵیان لە تێکچوونی پرۆسەی سیاسی و سەقامگیری ناوخۆدا هەبوو، ئەگەر حیکمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و پاڵەوانێتی هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکی نەبووایە دۆخەکە زۆر خراپتر دەبوو؛ کە لەلایەك بەو ئاراستەیەدا کار کرا کە گیانی پێکەوە ژیان و کارکردنی هاوبەش بپارێزرێت و دۆخەکە ئاڵۆزتر نەبێت، لەلایەکی تریشەوە بەو ئاراستەیە کار کرا کە رووبەڕووی تەحەدداو و هەڕەشەکانی دەرەکیش ببنەوە، ئەگەر ئەو نەفەسی کارکردنە نەبوایە ئەوا سەرتاپای ئەزموونی هەرێمەکە دەکەوتە مەترسییەوە. ناسەقامگیریی سیاسی و ئەو فەوزا سیاسییەی لە خولی پێشووی پەرلەماندا لەنێوان حزبەکان هەبوو، زیاتر مەبەست لێی زیانگەیاندن بوو بە پرۆسە سیاسییەکە و دواجاریش کاریگەریی توندی کردە سەر دۆخی حکومەت و ئابووری و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان. لە چوار ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێم دوچاری کۆمەڵێك تەحەدای قورس بووەوە، هەر لە شەڕی داعش کە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ ئەو رێکخراوە تیرۆرستییە هێرشی کردە سەر شاری موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق و دواتر پەلاماری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشی دا و شەڕێکی فراوانی لە سنووری ١٨٠٠ کیلۆمەتردا بەسەر کوردستاندا سەپاند، هەروها حکومەتی عێراق لە بری یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و شەهیدو قوربانیەکان کەچی تاکلایەنە هەڵسا بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم کە هاوکات بوو لەگەڵ دابەزینی بەهای نەوت و هاتنی بە لێشاوی زیاتر لە یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارەو پەناهەندەی عێراقی و کوردانی رۆژئاوا و پارچەکەکانی دیکەی کوردستان، لە هەموو ئەمانەش کاریگەرتر لە ناوجەرگەی ئەو قەیرانەدا کە حکومەتی هەرێم دووچاری بوو بوو حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەکو دەرفەتێکی حزبایەتی و موناوەرەیەکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و فریودانی لایەنگرانیان بە تاقی تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە پڕۆسەی حوکمڕانی و فریاکەوتنی خەڵك و دەربازبوون لە قەیرانەکەدا بەجێهێشت، لەکاتێکدا

ئەمە خۆدزینەوە بوو لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، کە دواتر زۆرێك لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبانەش لەسەر سندوقەکانی دەنگدان وەڵامی راستەوخۆی ئەم کارەی ئەو حزبانەیان دایەوە، هەر بۆیە فاکتەری شڵەژانی سیاسی و پشێوی نانەوە لە لایەن ئەو حزبانەی کە پێیەکیان لە حکومەت و ئەوی دیکەیان لە دژایەتیکردنی حکومەتدا هەڵدەهێنا باری شان و ئەرکە ئەخلاقییەکانی حکومەتی گرانتر کرد، تا دواجار و لە بەرە بەری کۆتایی هاتنی وادەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت زۆربەی ئەو حزبانە بە تەواوەتی لە کابینە وەزارییەکە کشانەوە.

ئەمە مەترسیدارترین فاکتەری ناسەقامگیریی سیاسی و پشێوی بوو کە بە یەکێك لە هۆکار و ئاستەنگ و رێگریێ گەورەکانی بەردەم سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی و گەشەی ئابووریش دادەنرێت، ئەمە تەجروبەیەکی نوێی نیشاندایین کە لە واقیعی ناوچەکە و عێراق بەگشتی و کوردستانیشدا وەك مۆدێلێکی لێهاتووە، ئیتر بۆ شارەزایانی بواری حوکمڕانی ساغبۆوە کە مەرج نییە کابینەی بنکە فراوان ببێتە بنەمایەك بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئاشتی و پێکەوەژیان، هەروەکو چۆن بوونی حزبی شەعبەویی و هێنانی ئایدیۆلۆژیای دەرەکی زیان بە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی کوردستان دەگەیەنێت، هەر واش هەبوونی ئەم هەموو حزب و ئەجندانە، دروشمی دیموکراتی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤیان دەقۆزتەوە بۆ بەلاڕێدا بردنی هەموو ئەو ئەزموونە جوانانەی کە ژینگەی کوردستانی پێ ناسراوە و لە تەجروبەی عێراق و ناوچەکەدا ناوازە بوو، من وەکو شارەزایەکی ئابووری و کارگێڕی لەکاتی شرۆڤەکردنی باسەکەمدا ناتوانم باس لەم رەهەندە سیاسی و واقیعە تاڵە نەکەم، چونکە ئابووری و سیاسەت دوو هاوکێشەی تەواوکاری یەکترن و شوێنەواریان بەسەر یەکەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، یەکێك لە فاکتەرەکانی سەقامگیریی سیاسی بە بوونی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوەی دەستوور شێواز و هەیکەلییەتی سیستەمی سیاسی دادەنێت و زۆرینەی پەرلەمانی ناتوانیت بە بێ گەڕانەوە بۆ رای گەل دەستکاریی سیستەم بکات، بۆیە بینیمان لە ساڵی ٢٠١٥ چ کێشەیەك دروست بوو کاتێك هەوڵدرا بە رێگای یاسا سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بگۆڕن، کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی لە هەرێم و کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووری وڵات هەبووە. بۆیە ئێستا بوونی دەستووری هەمیشەیی بە زەروور دەزانین بۆ ئەوەی هیچ زۆرینەیەکی پەرلەمانی نەتوانێت دەستکاری سیستەمی سیاسی بکات، کە بنەمای سەرەکیی سەقامگیریی سیاسی و سەقامگیرییە لە بازاڕەکاندا.

*** زۆر باس لە پرۆژەی چاکسازیی بنەڕەتی لە بەرنامەی حکومەتی داهاتوودا دەکرێت، دیارە مەبەستمان لە پرۆژەی چاکسازیی بنەڕەتی ئەو پرۆژەیەیە کە لە کابینەی هەشتەم نێردرایە پەرلەمان، بەڵام نەبووە یاسا، ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان بۆ یاسای پرۆژە چاکسازییەکە کردووە، ئەم پرۆژەیە زیاتر پرۆژەیەکی تەقەشوفە بۆ زیادکردنی بڕێك داهات کە لە ( ١٠٠ملیار دینار) مانگانە تێپەڕ ناکات، تاوەکو ئەو بڕە پارەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەمە بێجگە لەوەی لەوانەیە گێڕانەوەی ئەم بڕە پارەیە هەندێك کێشە و نیگەرانیی کۆمەڵایەتیش لەناو کۆمەڵگەی کوردستان دروست بکات، ئایا وەك پسپۆڕێکی ئابووری لەو بڕوایەدایت کە بە تەنیا بەو پرۆژەیە حکومەتێکی کاراو خزمەتگوزار بێتە ئاراوە، یان ئەو پرۆژەیە پێویستی بە دەوڵەمەندکردنێکی هەمە لایەنە هەیە بۆ ئەوەی کابینەی داهاتوو وەك حکومەتێکی چالاك دەربکەوێت؟ بە رای ئێوە دەبێت ئەو دەوڵەمەندکردنە هەمەلایەنەیە بۆ ئەو پرۆژەیە چی بێت؟**

- سەرەتا دوو بابەت هەیە لەناو پرۆژەی چاکسازی دەبێت لە یەکتریان جیابکەینەوە:

١. بانگەشەکردنی چاکسازی لەلایەن زۆر لە حزبەکانی کوردستانەوە وەکو بانگەشەیەکی ئیعلامی و فریودانی خەڵکی.

٢. پرۆژە چاکسازییەکی راستەقینە و بنەڕەتی.

ئەوجا دەتوانرێت قسە لەسەر پرۆژەی چاکسازیی بنەڕەتی بکەین لە رووی:

**لە ناو جەرگەی ئەو قەیرانەدا کە حکومەتی هەرێم دوچاری بوو بوو حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەکو دەرفەتێکی حزبایەتی و موناوەرەیەکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و فریودانی لایەنگرانیان بە تاقی تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە پڕۆسەی حوکمڕانی و فریاکەوتنی خەڵک و دەربازبوون لە قەیرانەکەدا بەجێهێشت**

**یەکێک لە فاکتەرەکانی سەقامگیریی سیاسی بە بوونی دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوەی دەستوور شێواز و هەیکەلییەتی سیستەمی سیاسی دادەنێت و زۆرینەی پەڕلەمانی ناتوانیت بە بێ گەرانەوە بۆ رای گەل دەستکاریی سیستەم بکات**

**مادام سیاسەتی هەرێم و حکومەت بەو ئاراستەیە دەچن کە هەموو کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لەچوارچێوەی دەستوور و یاسادا چارەسەر بکرێت، دەبێت ڕەچاوی هەموو ئەو خاڵ و بابەتە ستراتیژیانە بکرێت کە حەسرییە، وەکو یاساکانی بازرگانی و خاڵە سنوورییەکان و ڕێکخستن و یەکخستنی باج و رسوماتەکان و چەندین بواری دیکە**

**ئەگەر ئێمە ڕێگەی پرۆژەی چاکسازیی ئابووری پەیڕەو بکەین و داهاتەکانمان ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو بەرزبوونەوە ببات، ئیتر چی پێویست دەکات تەقەشوف بکەین، بەڵکو دەتوانین زێدەمەسرەفی نەکەین ئەمەش جۆرێکی باشتری تەقەشوفە**

١. چاکسازیی کارگێڕی.
٢. چاکسازیی ئابووری.

لەمەشدا دەبێت لە نووسین و داڕشتنەوەی پڕۆژەکەدا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

١. دۆخی ئابووری و ژینگەی کارکردنی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان.

٢. خواست و ویستی چین و توێژەکان بکرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت و هاوبەش بن لە پرۆژەکەدا (پێویستە لە هەر هەنگاوێك بۆ چاکسازی رای خەڵکی خاوەن کار وەربگیرێت).

٣. ڕەچاوی ڕەهەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چاکسازییش بکرێت.

٤. توانای دەرکردنی یاساکان لەپەرلەمان بۆ ئەوەی هێزێکی یاسایی بە پرۆژەکە بدات.

٥. توانای جێبەجێکردنی یاساکە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە.

٦. چاودێریکردنی لەلایەن دامەزراوەکانی دەستپاکی و چاودێریی داراییەوە.

٧. چاکسازیی سەرتاپاگیر و گشتگیر بێت و لەسەرەوەی دەسەلاتی ئیداری تا خوارەوە هەموو ناوچە و شوێنێکی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە و کەس بەدەر نەبێت لە جێبەجێکردنی یاسا.

هەربۆیە بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەی چاکسازیی کارگێڕی و ئابووریش نابێت پەلەی تێدا بکرێت، مادام مەبەست لێی دەربازبوونە لە هەموو ئەو یاساو ڕێنمایی و واقیعە کۆنانەی کە چەند ساڵێکە بەسەر هەرێمدا فەرز کراوە، مەبەست لە پرۆژەی چاکسازیی تەنیا کەمکردنەوەی خەرجییەکان نییە کە ڕەنگە لەم دۆخە ئابوورییەی ئێستادا گونجاو نەبێت کە تازە لە قەیرانێکی پڕوکێنەر هاتووینەتە دەرەوە و وردە وردە بازاڕەکانی کوردستان روو لەبوژانەوە دەکەن و گەنجێکی زۆری دەرچووی زانکۆکان بەدوای کار و هەلی وەزیفیدا دەگەڕێن و ناوچەکەش لەبەردەم ململانێ و ئاڵۆزییەکی نوێ دایە، بۆیە سەرەتا گرنگترین کار پێویستە بە هەمووان کۆدەنگییەکمان هەبێت لەسەر دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و خراپەکان کە لەپاڵ ڕەچاوکردنی ئەم ژینگەو دۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا، دەتوانرێت بەرچاو روونییەکمان هەبێت، کە ئێمە لەکوێین و دەمانەوێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵهێنین و ئامانجمان چییە، نابێت لەمەشدا ئەوە لەبیر بکەین، مادام سیاسەتی هەرێم و حکومەت بەو ئاراستەیە دەچن کە هەموو کێشەو گرفتەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لەچوارچێوەی دەستوور و یاسادا چارەسەر بکرێت، دەبێت ڕەچاوی هەموو ئەو خاڵ و بابەتە ستراتیژیانە بکرێت کە حەسرییە، وەکو یاساکانی بازرگانی و خاڵە سنوورییەکان و ڕێکخستن و یەکخستنی باج و رسوماتەکان و چەندین بواری دیکە، لەمەش گرنگتر بەرنامەی کابینەی نوێی حکومەت لە روانگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە چی دەبێت؟ بەتایبەتی کە خەڵکی ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنیوەو ماوەیەکی زۆرە پارتی بەهۆی حزبە سیاسییەکان و ناکۆکییەکانیانەوە نەیتوانیوە ئەو کابینە وەزارییە رابگەیەنێت، ئێستاکە ئێمە لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەکەداین و ئەم کابینەیەش بە پاڵپشتی جەنابی سەرۆك بارزانی دەتوانین زۆر لە ئومێدەکانی لەسەر هەڵبچنین.

سەبارەت بەتەوەرێکی پرسیارەکەشت کە تایبەتە بەوەی بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی چاکسازیی چی بکەین؟

منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام بەوەی پێویستە ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەند بکرێت، قۆناغ و واقیعەکە لە گۆڕانکارییەکی خێرادایە، هەربۆیە دەبێت خوێندنەوەی نوێمان بۆ پرۆژەکە هەبێت تا بە کەمترین زەرەر و زیان باشترین قازانج بکەین. خۆشبەختانە تاڕادەیەکی باش سەقامگیریی ناو پەرلەمان بوونی هەیە، ئەمەش وامان لێدەکات جارێکی دیکە بیر لەوە بکەینەوە کە چی بکرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە؛ بە بۆچوونی من گرنگترین خاڵ دەبێت هەموو بڕگەو یاساکانی ناو پرۆژەکە ڕەچاوی ئەوەی تێدا بکرێت کە خەڵکی لەئەولەوییەتی یەکەمدا بێت، دووەم ئەگەر ئێمە ڕێگەی پرۆژەی چاکسازیی ئابووری پەیڕەو بکەین و داهاتەکانمان ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو بەرزبوونەوە ببات، ئیتر چی پێویست دەکات تەقەشوف بکەین، بەڵکو دەتوانین زێدەمەسرەفی نەکەین ئەمەش جۆرێکی باشتری تەقەشوفە، سەرەتا پێویستە حکومەت کۆنتڕۆڵی سەرجەم داهاتەکانی خۆی بکات و دەسەڵاتی حکومەت لەسەر هەموو وڵات بەهێز

بکرێت، دواتر هەوڵ بدرێت خەرجییەکانی حکومەت لە بوارەکانی ژێرخان زیاد بکرێن، تا دەرفەتی ئابووری زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان برەخسێندرێ . لەروانگەی ئابوورییەوە داهات و خەرجی تەواوکاریی یەکترن هەر کە داهاتەکان زیادی کرد، ئیتر کێشەی موچە و خەرجییەکان کەم دەبنەوە، بەڵام پێچەوانەوە کە خەرجی کەم کرایەوە کەمێك گرفتی داهاتمان بۆ چارەسەر دەبێت، وەکو ئەوەی باس دەکرێت ١٠٠ ملیار دینار مانگانە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەم تەقەشوفەوە داهاتێکی زیاترمان لە باج و رسومات و بەگەڕخستنی بازاڕ لەدەست بچێت، هەربۆیە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە حکومەت زۆر هەنگاوی پراکتیکی ناوە لە رووی بایۆمەتری و ڕێکخستن و یەکخستنی موچەکان و دەرکردنی ڕێنمایی و یاسای نوێ و کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بەڕێژەی ٢٥٪ و بچوککردنەوەی هەیکەلی وەزارەتەکان.

*** ئەوانەی شارەزاییان لە دارشتنی سیاسەتی ئابووریدا هەیە، ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی ئابووری سەرکەوتووی حکومەت بریتیە لەوەی کە سەرچاوەی مرۆیی وڵات وەك سەرچاوەیەکی گرنگ سەیر بکات، لەم سەرچاوەیەدا وەبەرهێنان بکات بۆ ئەوەی بیکاتە سەرچاوەی داهاتێکی گەورە بۆ حکومەتەکەی، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت گەورەترین کێشەی حکومڕانییە لە کوردستاندا، ئەو سەرچاوە مرۆییەیە هەموو بوون بە فەرمانبەر و بار بەسەر حکومەتەوە، ئایا بەڕای جەنابتان ستراتیژیەتی سیاسەتی ئابووری حکومەتی داهاتوو دەبێت چۆن بێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی مرۆیی لە کوردستان بکاتە سەرچاوەی داهات لە کوردستاندا؟**

- هەموو ئایدیۆلۆژیا و سیستەم و بیردۆزی ئابووری لەناو بازنەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکیدا کۆدەکرێنەوە، مادام رۆئیاو ستراتیژییەتی حوکمڕانی لە پێناو مرۆڤدایە، کەواتە دەبێت پلان و بەرنامە ئابوورییەکانیشمان هەر لەپێناو ئەواندا بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبەیە کە زۆر ڕەچاوی ئەم خاڵەی کردووەو واقیعبینانە پلان و بەرنامە ئابوورییەکانی داڕشتۆتەوە، هەربۆیە بەبەردەوام لە هەڵبژاردنەکاندا ژمارەی کورسیەکانی لە هەڵکشاندایە و توانیوێتی بەراورد بە حزبەکانی دیکە سەنتەری بڕیاردان و جەماوەری خۆی بپارێزێت، ئەندامانی پارتی هەر بەو ئاراستەیەی مستەفا بارزانی پەروەردە کراون کە شانازییە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، لەکاتێکدا زۆر لە حزبە شەعبەوییەکان شێوازی بیرکردنەوە و بۆچوونی کادیرو ئەندامانیان گۆڕیوەو بەئاراستەی رق و قین و تێکدانی دۆخەکەیان بردووە، تا لێرەدا ئەرکی کابینەی نوێ و دڵسۆزانی گەلەکەمان قورس دەبێت، چونکە زۆر لە حزبەکان لەبری ئەوەی کەلێنی نێوان حکومەت و خەڵکی کەم بکەنەوەو ئەو رووە راستەقینەیە بەخەڵکی بدەن کە حکومەت حکومەتی گەلە و هی هیچ حزبێك نییەو لە ١٩٩٢ ەوە گەورەترین دەستکەوتی خەڵکی (پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی) بووە، کەچی ئەوان هاتوون بە تەرجەمەکردنی کۆمەڵێك دروشمی دەرەکی خەڵکەکەیان بە لاڕێدا بردووە و وایان تێگەیاندوون کە حکومەت دەسەڵاتە و خەڵك چەوساوەیە، لەکاتێکدا ئەمە نەك لەفەرهەنگی سیاسی و حوکمڕانی کوردستاندا بوونی نییە، بەڵکو لەهەرێمی کوردستاندا کە پێگەیەکە لەناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزدا دوژمنی زۆرەو مەبەست لە لێدانی حکومەت لێدانی کوردایەتی و نیشتمانەکەیەتی، لەم روانگەیەوە کەس نکۆڵی لەوە نەکردووە کە کەموکوڕی هەیە، بەڵام خۆ نابێت هەرچی لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا هەنگاوی بۆ نراوە و ئەنجامدراوە هەر هەمووی بەخراپ بزانین، حکومەت بەپاڵپشتی و خۆڕاگری خەڵك توانی لەو ماوە زۆرەدا خۆی رابگرێت و چەندین پرۆژەو کاری گەورە لەبواری خزمەتگوزارییەکانی بنێت و ئەگەر ئەم چوار ساڵە بەهۆی قەیرانەوە لە قسەکانمان بەدەر بکەین، ئەوا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت گۆڕانکاریش لە واقیعی بژێوی ژیاندا روویداوە، کە دەکرێت لەم کابینەیەدا شتی نوێترو گەورەتریش ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی و سوود وەرگرتن لەگەورەترین سامانی وڵات کە رۆڵەکانیەتی.

ئەمەش لەرووی ئابوورییەوە لە چەند رێگایەکەوە دەکرێت:

**مادام رۆئیاو ستراتیژییەتی حوکمڕانی لە پێناو مرۆڤدایە، کەواتە دەبێت پلان و بەرنامە ئابوورییەکانیشمان هەر لە پێناو ئەواندا بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبەیە کە زۆر ڕەچاوی ئەم خاڵەی کردووەو واقیعبیانە پلان و بەرنامە ئابوورییەکانی داڕشتۆتەوە**

**زۆر لە حزبەکان لەبری ئەوەی کەلێنی نێوان حکومەت و خەڵکی کەم بکەنەوەو ئەو ڕووە ڕاستەقینەیە بەخەڵکی بدەن کە حکومەت حکومەتی گەلە و هی هیچ حزبێک نییەو لە ١٩٩٢ ەوە گەورەترین دەستکەوتی خەڵکی ( پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی ) بووە، کەچی ئەوان هاتوون بە تەرجەمەکردنی کۆمەڵێک دروشمی دەرەکی خەڵکەکەیان بە لاڕێدا بردووە و وایان تێگەیاندوون کە حکومەت دەسەڵاتە و خەڵک چەوساوەیە**

**هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت گرنگترین ئەو کارەیە کە دەبێت لەکابینەی نوێدا حکومەت ئەنجامی بدات، رەنگە ئاسایی بێت تێکەڵییەک لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی هەبێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە تێکەڵییەکە زیان بگەیەنێت بە حکومەت و خەڵک، یان بە پێچەوانەوە زیان بگەیەنێتە گەشەکردنی کەرتی تایبەت**

**لەم کابینەیەدا پێویستە لانی کەم ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا هەیە، بەیاسا رێکبخرێت و رۆڵێکی زیاتر بدرێتە دەزگای دەستپاکی و چاودێری دارایی بۆ کارکردن لەسەر کەرتی تایبەت**

**بەشێکی گەندەڵی هەروەکو چۆن بەر کەرتی حکومی دەکەوێت، هەرواش بەشێکی بەر کەرتی تایبەت کەوتووە، تەنانەت گەندەڵییەکە لە کەرتی تایبەتەوە بەرەو وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت براوە**

١. بەو پێیەی وەبەرهێنان لەتوانای مرۆیی بەگشتی و لاوان بەتایبەتی بە سەقامگیری سیاسی دروست دەبێت، هەربۆیە دەبێت ئەو سەقامگیرییە سیاسییە بپارێزرێت.

٢. بۆ ئەوەی دەرچووانی زانکۆ هەموویان روو لەکەرتی حکومەت نەکەن، دەبێت یاساکانی کارو وەزیفە لەکەرتی تایبەت رێکبخرێتەوە و زامنی پارێزگاری لە مافەکانی هاووڵاتیان بکرێت.

٣. لە رووی پرۆگرامەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە رەچاوی داواکاریی بازاڕو کار و کۆمپانیاکان بکرێت.

٤. گرنگیدان بە خوێندنی پیشەیی و هونەری و تەکنیکییەکان.

٥. دامەزراوەی تایبەت بە سوود وەرگرتن لە توانای گەنجان دابمەزرێت، لێرەدا سێ دامەزراوە بەبیر دەهێنمەوە کە زۆر گرنگن بۆ سوودوەرگرتن لەتوانا مرۆییەکان و دەستەبەرکردنی کار (دامەزراوەی پرۆژەی بچووك — دامەزراوەی خولی مەشق و راهێنان- دامەزراوەی دۆزینەوەی هەلی کار).

٦. بەو پێیەی لەکەرتی تایبەت کۆمپانیاکان و پرۆژەکانی وەبەرهێنان زۆرترین سەرچاوەی هەلی کارن، هەربۆیە دامەزراندن و کارکردنی گەنجانی ناوخۆ دەبێت لە یاساو رێنماییەکانی وەبەرهێناندا گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

٧. زۆر لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەت کە پەکیان کەوتووە، یان توانای کارکردنیان تێدا نییە، بدرێنە کەرتی تایبەت بەو مەرجەی سوود لەتواناکانی گەنجان وەربگرێت، بۆ ئەوەی بەگەڕ بخرێنەوەو هەلی کار بۆ خەڵکی بدۆزنەوە.

٨. پەرەپێدانی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاراستەکردنیان بەرەو پرۆژەو دامەزراوە، لەمەشدا هەرێم دەتوانێت بە پاڵپشتی لەبەرهەمی ناوخۆ بوارێکی فراوان لە کەرتی پیشەسازیی کشتوکاڵی و پیشەسازیی پیتروکیمیاوی بە تایبەتی بۆ فەراهەمکردنی هەلی کار بدۆزێتەوە.

٩. گەڕانەوەی بەهای کارو پیرۆزکردنی؛ چونکە ئێستا زۆر لە پیشەو کارەکان بەهۆی کەمیی کرێ و نرخەوە بێبەها کراوەن و لەرووی کۆمەڵایەتی و دابونەریتەوە وا لە گەنجەکانمان ناکات لەو بوارانەدا کار بکەن، ئەمەش زیاتر بەهۆی هاتنی دەستی کاری بیانییەوە روویانداوە.

١٠. سنووردانان بۆ هێنانی دەستی کاری بێگانە و رێکخستنی یاساکانی تایبەت بە کارکردنی کرێکارانی بیانی و سەپاندنی باج و رسومات و دانەوەی بەو دامەزراوانەی کە هەلی کار بۆ گەنجان دەدۆزنەوە.

١١. دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون لە نزیك ئەو کارگەو پرۆژە گەورانەی دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی کرێکاران و فەرمانبەرانی پرۆژەکان بیرو فکریان لای گرفتی نیشتەجێبوون و هاوسەرگیری نەبێت و ئەو دوو حاڵەتەیان بۆ چارەسەر بکرێت.

لەهەموو دنیادا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە گەنجەکانیان هەلی کاریان هەیە، بەو کۆمەڵگە چالاکانە دادەنرێن کە کێشەکانیان زۆر کەمن و توانیویانە سەرمایەی مرۆیی بەشێوەیەکی زۆر لێهاتووانە لە پرۆسەی پەرەپێداندا بەشدار بکەن.

*** وەك دەزانن، کە باسی حکومەت دەکەین لە سیستمی ئابووریی بازاڕدا، حکومەت تەنیا بریتی نییە لە (کەرتی گشتی) بەڵکو کەرتی (گشتی و تایبەت)یش دەگرێتەوە، هەروەها زۆر گرنگیشە کە هاوسەنگییەکی تەواو و هەماهەنگی تەواو لە نێوان هەردوو کەرتی (گشتی و تایبەت)دا هەبێت، بەڵام ئەوەی چاودێران تێبینی دەکەن، ئێستا لە کوردستاندا، لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت نە هاوسەنگیی تەواو و نە هەماهەنگیی تەواو هەیە، بەڕای ئێوە حکومەتی داهاتوو دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگی و هەماهەنگییە دروست بکاتەوە؟**

- هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت گرنگترین ئەو کارەیە کە دەبێت لەکابینەی نوێدا حکومەت ئەنجامی بدات، رەنگە ئاسایی بێت تێکەڵییەك لەنێوان کەرتی تایبەت و گشتی هەبێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە تێکەڵییەکە زیان بگەیەنێت بە حکومەت و خەڵك، یان بەپێچەوانەوە زیان بگەیەنێتە گەشەکردنی کەرتی تایبەت، حکومەتی هەرێمیش ئەو کەموکوڕییەی نەشاردۆتەوەو ئاماژەی پێداوە، رەنگە پاساوەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە بەهۆی

ئەو فاكتەرە دەرەكی و ناوخۆییانەوە بێت كە لەسەرەتای دیمانەكەدا ئاماژەم پێدا، هەموو ئەمانە وایكردبێت كاری جیددی لەسەر بوژانەوەی كەرتی تایبەت نەكرێت، یان هەموو چارەسەرەكانی لابردنی ئاستەنگ و گرفتەكان دواخرابێت، تەنانەت فاكتەرە سیاسی و ئابوورییەكان لەبەردەم كەسانی تەكنۆكرات و دڵسۆزدا ڕێگر بوون بۆ ئەوەی كەرتی تایبەت و گشتی هەماهەنگ بن، گرنگترین خاڵیش بۆ ڕێكخستنەوەو چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لەوێوە دەست پێدەكات كە هیچ كۆمپانیاو بیزنس و وەبەرهێنێك لەكوردستاندا لە یاسا گەورەتر نەبێت، ڕەنگە لەقۆناغێك لەقۆناغەكان یاساكان كەلێنی وای تێدا بووبێت كە هاوكار بووە بۆ خۆدەوڵەمەندكردنی كەسانێك، یان فراوانبوونی گەندەڵی و بەرتیل و مەحسوبیەت، یان خۆدزینەوە لەباج و ئەركە نیشتمانییەكان، بەڵام لەم كابینەیەدا پێویستە لانی كەم ئەو تێكەڵوپێكەڵییەی لە نێوان كەرتی گشتی و تایبەتدا هەیە، بەیاسا ڕێكبخرێت و ڕۆڵێكی زیاتر بدرێتە دەزگای دەستپاكی و چاودێری دارایی بۆ كاركردن لەسەر كەرتی تایبەت، كە من پێم وایە بەشێكی گەندەڵی هەروەكو چۆن بەر كەرتی حكومی دەكەوێت، هەرواش بەشێكی بەر كەرتی تایبەت كەوتووە، تەنانەت گەندەڵییەكە لە كەرتی تایبەتەوە بەرەو وەزارەت و دامەزراوەكانی حكومەت براوە . لەلایەكی دیكەوە بەو پێیەی لەجیهانی پێشكەوتوودا هیچ گەورە كۆمپانیاو بیزنسكارو بازرگانێك بەدەر نییە لە چاودێری و لێپرسینەوەو بەدواداچوون، هەربۆیە دەبێت هەڵمەتێكی گەورەی چاكسازی لە بواری گەندەڵی و كەموكورتیی كارو پرۆژەی كۆمپانیاكانیش دەست پێ بكات، بۆ نموونە: زۆر لەكۆمپانیاو وەبەرهێنەرەكان لەڕێگەی بردنە دەرەوەی ئەو بەرپرس و ئەندازیارانەی كە پەیوەندارن بەكارەكانیان توانیویانە بەناوی ئیفاد و گەشت و هاوكارییەوە تێكەڵ بەكاری چاودێری و هەڵسەنگاندنی حكومی بكەن، كە ئەمە پێویستە بوەستێنرێت، چونكە كۆمپانیاكان بڕە پارەیەكیان بۆ مەشق و ڕاهێنان و شاندو ئیفاد تەرخان كردووە، بەڵام لەبەرامبەردا سەد ئەوەندە زیان بە حكومەت و پرۆژەكان دەكەوێت، ناكرێت سەرمایەدارێك لەماوەی چەند ساڵێكدا پارەیەكی زۆری لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی كەڵەكە كردبێت و لەولاشەوە حكومەت و خەڵكیش لە قەیراندا بن، لەمەشدا دەبێت زۆر روون بین بەوەی هەر چاكسازییەك لەبواری كەرتی تایبەت ئەنجام بدرێت دەبێت ( گشتگیر بێت و كەسیش لە یاسا بەدەر نەبێت). دەبێت لە داهاتوودا ئەركی پەیدا كردنی وەزیفەی نوێ بۆ خەڵك لە ئەركەكانی كەرتی تایبەت بێت، بێگومان ئەویش بە چاودێری و بەدواداچوونی ڕاستەوخۆی حكومەت لە ڕێگەی یاسا و هاندانی تایبەتەوە.

*** یاسای وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بارودۆخی دوای ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ دەرچوو، بەڕێزتان دەزانن ئەوكات حكومەت لەبواری وەبەرهێنان ئەزموونێكی ئەوتۆی نەبوو، هەر بۆیە یاساكە زۆر كەلێن و بۆشایی تێدایە، ئێستا دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر ئەو یاسایە حكوومەت ئەزموونی هەیە، ئایا چەند بۆ كابینەی داهاتوو گرنگە كە هەمواركردن، یان دەركردنی یاسایەكی تازە بۆ وەبەرهێنان بكاتە ئەولەوییەتی كاری خۆی؟**

- بەپێچەوانەی كوردستان و عێراق، لەم سەردەمەدا ئابووری زۆر بەخێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەوەتا لەرووی سیستەمی بانكی و دارایی و تەكنەلۆژیاو پیشەسازییەوە زۆر لەدواوەین، لەساڵی ٢٠٠٦ بە هاكاری گروپێكی ئابووری و یاسایی توانرا یەكەمین پرۆژەی یاسای وەبەرهێنان ئامادە بكرێت و لەپەرلەمانیشدا پەسەند بكرێت، ئەم یاسایە ئاسانكاری و هاوكارییەكی باشی وەبەرهێنانی كرد، ئەوەبوو دەستەیەكیش بۆ وەبەرهێنان دانرا، بەڕادەیەك بۆ یەكەمینجار گەورە كۆمپانیاو وەبەرهێنە بیانییەكان روویان لەم هەرێمە كرد و لەبواری نیشتەجێبوون و كارگەی ئاسن و چیمەنتۆ و بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا و ڕێگاوبان و هۆتێل و میوانخانەكان كاریان كرد، یاساكەو ڕێنماییەكانی وەبەرهێنان بۆ ئەو سەردەمەو قۆناغە گرنگ بوون، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە و نەگۆڕینی یاساكە، یان هەموارنەكردنەوەی یاساكەو نەگۆڕینی هەیكەلییەتی دەستەكە كەموكورتیەكانی یاساكەو جێبەجێكردنی

**فاكتەرە سیاسی و ئابوورییەكان لەبەردەم كەسانی تەكنۆكرات و دڵسۆزدا ڕێگر بوون بۆ ئەوەی كەرتی تایبەت و گشتی هەماهەنگ بن، گرنگترین خاڵیش بۆ ڕێكخستنەوەو چارەسەركردنی ئەم كێشەیە لەوێوە دەست پێدەكات كە هیچ كۆمپانیاو بیزنس و وەبەرهێنێك لەكوردستاندا لە یاسا گەورەتر نەبێت**

**بەو پێیەی لەجیهانی پێشكەوتوودا هیچ گەورە كۆمپانیاو بیزنسكارو بازرگانێك بەدەر نییە لە چاودێری و لێپرسینەوەو بەدواداچوون، هەربۆیە دەبێت هەڵمەتێكی گەورەی چاكسازی لە بواری گەندەڵی و كەموكورتیی كارو پرۆژەی كۆمپانیاكانیش دەست پێ بكات**

**هەموو ئەو ئامارو داتاو ژمارانەی كە لەبواری پەرەپێدانی كەرتی تایبەت خرانەڕوو، لەقەیرانی دارایی هەرێمدا ئاشكرا بوون بەوەی موبالەغەیەكی زۆری تێدا كراوە**

دەرکەوت، ناکرێت هەموو کەموکورتییەکانی وەبەرهێنان بخرێتە سەر شانی یاساکە چونکە لە جێبەجێکردن و چاودێریشدا کەموکورتی گەورە هەبووە، بەتایبەتی لەدوو بواردا کەموکورتی گەورە لە وەبەرهێنان دەرکەوتووە:

١. ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی و گەشتوگوزار و دورکەوتنەوە لەکەرتە بەرهەمهێنەکان.

٢. پێشکەشکردنی ئاسانکاری و هاوکارییەکی زۆر لەسەر حسابی بودجەی گشتی و داهاتی حکومەت.

٣. دەرکەوتنی کەموکوڕی لە زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بەهۆی ئەو رێنمایی و ئاسانکارییانەی درانە وەبەرهێنەکان.

٤. لاوازیی بەدواداچوون و لێپرسینەوەی وەبەرهێنەکان و گەورە سەرمایەدارانی وڵات.

٥. قۆرخکاری لەزۆر بواری وەکو گەیاندن و کارەبا و چیمەنتۆ.

هەموو ئەو ئامارو داتاو ژمارانەی کە لەبواری پەرەپێدانی کەرتی تایبەت خرانەڕوو، لەقەیرانی دارایی هەرێمدا ئاشکرا بوون بەوەی موبالەغەیەکی زۆری تێدا کراوە، بۆ نموونە: پرۆژە و کارگە بێکەڵکەکان ئاشکرابوون و وەبەرهێنە بیانییەکان کە وەکو مانگایەکی شیردەر تەنیا سەرقاڵی دۆشینی خێروبێری کوردستان بوون، هەر زوو بەجێیان هێشتین، راستە سەرمایەدار ترسنۆکەو بەدوای قازانجەوەیە، بەڵام نابێت سەرمایە لەسەروو یاساو چاودێرییەوە بێت و ئەو هەموو دەستکەوت و داهاتەی دەستکەوێت بۆ ئەوەی لەکاتی قەیراندا هاوکاریی حکومەت و خەڵکەکە بێت، یاساو دەستەی وەبەرهێنان ئەگەر نەتوانێت کۆمپانیای نیشتمانی و نەتەوەیی وا دروست بکات لەکاتی قەیراندا فریای گەلەکەی بکەوێت، ئیتر بۆچی پێشمەرگەو خەڵکی لەکاتی خۆشگوزەرانیدا قەڵەوی بکەن، کاتی ئەوە هاتووە بەیاسا وەبەرهێنان و کەرتەکانی دیکەی تایبەت لەکوردستان رێکبخرێتەوەو دامەزراوەکانی ئەم بوارەش لەژێر چاودێرییەکی چڕوپڕدا بن . لە هەمووشی گرنگتر، لە کاتی هەموارکردنەوەی یاساکە، پێویستە رای خەڵکی خاوەن کار وەربگیرێ و لە گفتوگۆکانی دارشتنەوەی بەندەکانی یاساکان بەشداریی پێبکرێت، تا لەگەڵ بازاڕی هەرێم گونجاو و بە کەڵك بێت، هەروەها دەرفەتی فراوانتریش بدرێتە دەزگاکانی حکومەت بۆ بابەتی چاودێری و بەدواداچوون و دواتر هەڵسەنگاندن و راستکردنەوەی هەڵەکان.

*** کە باسی خزمەتگوزاری و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دەکرێت، باس لە زیادکردنی سەرچاوەی داهاتیش دەکرێت، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت حکوومەت تەنیا پشت بە کەرتی نەوت نەبەستێت، بۆیە گرنگە کەرتەکانی دیکەش وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و پیشەسازیی مامناوەندی و بچووك ببوژێنێتەوە، بەڵام ئەوەی لەماوەی قەیرانی ئابووریی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٨) تێبینیمان کرد، حکوومەت بەشێوەیەکی سەرەکی زیادکرنی سەرچاوەی داهاتی گرێداوەتەوە بە زیادکردنی باجەوە، بێگومان گرنگە بایەخ بە باج بدرێت وەك سەرچاوەی داهات، بەڵام بە تەنیا زیادکردنی باج نابێتە سەرچاوەی داهات، ئایا ئێمە پێویستمان بە چ پلان و بەرنامەیەك هەیە، بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهاتێکی هەمیشەیی بۆ حکوومەت دابین بکەین و لە هەمانکاتدا ئەو بوارانە ببنە فرسەتێك بۆ هەلی کار بۆ هاووڵاتیان و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان؟**

- باسکردنی داهات و بەدەستهێنانی داهات پرۆسەیەکی زۆر قورسترە لە خەرجکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی، بۆ نموونە: باج پێویستی بەحکومەتێکی بەهێز و سەقامگیرییەکی سیاسی و یەکپارچەیی ئیدارە و رەچاوکردنی داهاتی خەڵکی و کۆمپانیاکان هەیە، لە دنیای پێشکەوتوودا ئەمە رێکخراوە و حکومەت دەزانێت هەموو کەسێك لەوڵاتەکەیدا داهاتی چەندە و لە چیدا خەرجی کردووە، ئەمە لای خۆمان لەرووی بانکی و باجەوە رێك نەخراوە، هەربۆیە دەسکاریکردنی رێژەی باج و رسومات هەروا ئاسان نییە، ناکرێت وەزیرێك لەسەر شاشەی تیڤییەوە رایبگەیەنێت کە باجی زیادکردووە، یان رسوماتەکانی شارەوانی بەرزبۆتەوە، چونکە ئەمە زیانی لە قازانجی زیاتر دەبێت. لەرووی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەی داهاتیشەوە دەرهێنان

**راستە سەرمایەدار ترسنۆکەو بەدوای قازانجەوەیە، بەڵام نابێت سەرمایە لەسەروو یاساو چاودێرییەوە بێت و ئەو هەموو دەستکەوت و داهاتەی دەستکەوێت بۆ ئەوەی لەکاتی قەیراندا هاوکاریی حکومەت و خەڵکەکە بێت، یاساو دەستەی وەبەرهێنان ئەگەر نەتوانێت کۆمپانیای نیشتمانی و نەتەوەیی وا دروست بکات لەکاتی قەیراندا فریای گەلەکەی بکەوێت، ئیتر بۆچی پێشمەرگەو خەڵکی لەکاتی خۆشگوزەرانیدا قەڵەوی بکەن**

**باج پێویستی بەحکومەتێکی بەهێز و سەقامگیرییەکی سیاسی و یەکپارچەیی ئیدارە و رەچاوکردنی داهاتی خەڵکی و کۆمپانیاکان هەیە، لە دنیای پێشکەوتوودا ئەمە رێکخراوە و حکومەت دەزانێت هەموو کەسێک لەوڵاتەکەیدا داهاتی چەندە و لە چیدا خەرجی کردووە، ئەمە لای خۆمان لە رووی بانکی و باجەوە رێک نەخراوە، هەربۆیە دەستکاریکردنی رێژەی باج و رسومات هەروا ئاسان نییە**

و پەرەپێدانی کەرتی پێترۆڵ و غازی سروشتی گرنگ بوو، چ لەرووی فرۆشتنەوە بێت، یان لەرووی دابینکردنی وزەی کارەبا و سوتەمەنییەوە، هەر ئەمەشە بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەزۆر بەرپرسی حزبەکانی دیکە جیاکردۆتەوە، پارتی توانیوێتی داهات و پارە بۆ پرۆژەکان و موچە و خەڵك دابین بکات گەورە کۆمپانیاکانیان راکێشاوەتە ناوخۆی هەرێمەکەوە، راستە لێرە و لەوێ کەموکورتی هەیە، بەڵام پەیداکردنی داهات لەم واقیعە تاڵەی ناوخۆ و ئەو هەموو دژایەتیکردنەی لەعێراق و ناوچەکە بەداخەوە بەهاوکاری دەستی ناوخۆ رووبەروومان دەبێتەوە، ئەرکی پەیداکردنی داهاتی زۆر قورس کردووە، راستە نەوت کلیلی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەڵام خۆ نابێت چیتر هەموو داهاتەکانی وڵات ببەسترێتەوە بەکەرتێکەوە کە لەنرخەکەی لەژێر کۆنترۆڵی گەورە وڵاتانی دنیادایە، یان هێشتا یاساکانی ناوەند و هەرێم لەسەر وردەکارییەکانی ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی رێکنەکەوتوون، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی کێڵگە نەوتی و غازییەکانمان کەوتوونەتە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، یان نزیك لەو ناوچانەیە کە بەناوچەی نائارام دادەنرێن، دەکرێت لەم کابینەیەدا گرنگییەکی زیاتر بە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری بدرێت، ئەمانە لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە هەلی کار بۆ سەدان دەرچووی زانکۆکانی کوردستان فەراهەم دەکەن، واتا بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتیش گرنگن، ئەمە وێڕای ئەوەی لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گرنگیی پاراستنی ئاسایشی خۆراکی زیاتر دەرکەوت کاتێك ئاسمان و سنوورەکانیان لەسەر داخستین و هەڕەشەی جەنگی ئابووری و گەمارۆیان کردە سەر کوردستان، حکومەت هەنگاوی ناوە لە ٢٥٪ی خەرجییەکانی کەم بکاتەوە هەروەها هەنگاوی ناوە داهاتەکانی لە رێگەی بەرزکردنەوەی باجەوە زیاد بکات، بەڵام ئەم سیاسەتە لە قۆناغی گەمارۆ و بێبازاڕی و پوکانەوەدا دەرئەنجامێکی پێچەوانەی دەبێت، لەمە گرنگتر هەنگاونانە بەرەو پیشەسازیی خۆماڵی و فراوانکردنی بەرهەمی ناوخۆی کشتوکاڵ و بەدامەزراوەیکردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ لە رێگەی هاندانی دامەزراندنی گەورە کۆمپانیاکانی ئەم بوارەو سەپاندنی باجەوە، ئەمەش دوای ئەوەی پاڵپشتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەکرێت لەو پرۆژانەی کە توانای پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیان لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەیە، لەکوردستان ئاوی ژێر زەوی بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە هاندانێکی باشی گەشەکردنی کشتوکاڵە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێنج رووباری گەورە بەخاکەکەماندا تێپەڕ دەبن و خاك و ژینگەی کشتوکاڵی هەموو هاندەرن بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی کشتوکاڵی، ئەمە پێویستی بە پاڵپشتی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی کشتوکاڵ لە شێوە تەقلیدییەکەیەوە بگۆڕدرێت بەرە و بەدامەزراوەیکردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ لە رێگەی پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵی و هاوکاریکردنی دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی کشتوکاڵی و خۆراکی و دۆزینەوەی بازاڕ بۆیان و هاندانی جوتیاران بۆ ئەوەی بچن بەرەو کشتوکاڵی هاوچەرخ.

لە کاری ئابووری و ئاراستەکردنی سێکتەرەکان پێگەی هاووڵاتیان گرنگە هەربۆیە پێویستیمان بە راگەیاندنی ئابووری هەیە، تاوەکو بواری زیاتر بۆ شارەزایانی ئابووری بڕەخسێنێت، بۆ قەسەکردن لەسەر ئەم بابەتە هەنوکەییانە کە بەلای هاووڵاتیانەوە زۆر گرنگترە لە پروپاگەندەو قسەی سیاسی، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێناوە دەنگدەران و جەماوەرو خەڵك بەگشتی لەو روانگەیەوە دەنگیان پێداوە کە دەزانن بەهێزبوونی پارتی واتا خۆشگوزەرانی و پرۆژەو کاری گەورە، هەربۆیە نەیارانی دەیانەوێت لەرێگەی ناسەقامگیریی سیاسییەوە شکست بەهەوڵەکانی پەرەپێدانی ئابووری و چاکسازیی و خۆشگوزەرانی کوردستان بهێنن، هەربۆیە چاوەڕوان دەکرێت پرسە ئابوورییەکان بە هاوشێوەی پرسە سیاسی و سەربازییەکان گرنگ بێت و هاووڵاتی لە ئەولەوییەتی کارەکانی حکومەتدا بێت، ئابووری و خۆشگوزەرانی و هەلی کارو دادپەروەری لەریزبەندی خواستەکانی خەڵکدایە.

**لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە گرنگیی پاراستنی ئاسایشی خۆراکی زیاتر دەرکەوت کاتێك ئاسمان و سنوورەکانیان لەسەر داخستین و هەڕەشەی جەنگی ئابووری و گەمارۆیان کردە سەر کوردستان، حکومەت هەنگاوی ناوە لە ٢٥٪ی خەرجییەکانی کەم بکاتەوە هەروەها هەنگاوی ناوە داهاتەکانی لە رێگەی بەرزکردنەوەی باجەوە زیاد بکات**

**پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێناوە دەنگدەران و جەماوەرو خەڵك بەگشتی لەو روانگەیەوە دەنگیان پێداوە کە دەزانن بەهێزبوونی پارتی واتا خۆشگوزەرانی و پرۆژەو کاری گەورە، هەربۆیە نەیارانی دەیانەوێت لەرێگەی ناسەقامگیریی سیاسییەوە شکست بەهەوڵەکانی پەرەپێدانی ئابووری و چاکسازیی و خۆشگوزەرانی کوردستان بهێنن**

# خوێندنەوەیەکی بۆ پەرەسەندنەکانی عێراق و پێگەی هەرێمی کوردستان

● **گۆڕانکارییەکانی نەخشەی سیاسیی عێراق**

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە پاش دوایین هەڵبژاردنەوە لە عێراقدا گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی لەم وڵاتەدا هاتۆتەئاراوە، کە پێویستە ئاماژە بەم گۆڕانکارییانە بکرێت، لەگەڵ کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئایندەی ئەم پرۆسەیە لە عێراقدا.

یەکەم: بۆ یەکەمین جار هێزە تەقلیدییەکان وەکو خۆیان نەمانەوە، وەکو حزبی دەعوە و ئەیاد عەلاوی کە هەردوو لا سەرکێشیی دوو بەرەی بەهێزی پرۆسەی سیاسیی عێراقیان دەکرد، ئەمجارەیان دوو بەرەی شیعە بە تێکەڵیی لە کورد و سوننە دروست بوون، ئەوانیش بەرەی بینا و ئیسلاح بوون، هەردوو بەرەکەش هێزو ئامرازو توانای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەتوانای جەماوەری و سەربازی و ئابووری و تەنانەت رۆڵیان لە ناو دامەزراوەکانی حکومەتدا. بۆیە ئێمە دەبێت ئەم گۆڕانکارییە بە وەرچەرخانێك لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا سەیر بکەین.

دووەم: عێراق لەدوای هەڵبژاردن بە عێراقی دوای شەڕی داعش دادەنرێت؛ ئێمەش دەزانین کە شوێنەوارەکانی شەڕی داعش کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و قەبارەی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق.

سێیەم: پەیوەستە بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، کە هەموومان دەبینین لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوەتی چووەتە ناو پرۆسەکەوەو توانی پەیامێك بگەیەنێتە هێزە عێراقییەکان بەوەی سەرکێشیی ریفراندۆمی کردووە و لە هەمان کاتیشدا ئەم سەرکێشییە وای کردووە متمانەی تەواوی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەجۆرێك لە پەرلەمانی عێراقدا تاکە حزبە زۆرترین کورسی بەدەستهێناوەو لەهەمان کاتیشدا لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیشدا توانی زۆرینە بەدەست بهێنێت و بتوانێت لە حکومەتی بنکەفراوان بەرەو حکومەتی زۆرینە بڕوات، کە بێگومان ئەمە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت. لەم روانگەیەوە دۆخەکە بە جۆرێك وەرچەرخا رۆڵی هەرێمی کوردستان لە بەغدا گۆڕانکاری بەسەردا هات و دۆخێکی وای خولقاند کە بتوانرێت لەسەر ئاستێکی نوێ کار بکەین، واتە نەك تەنیا لەسەر ئاستی بڕیاردان، بگرە لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەتی لەسەر ئاستی جێبەجێکردن لەناو دامەزراوەکانی فیدراڵیدا، ئەمەش حاڵەتێکی ئیجابییە و وەك ئاماژەیەکی ئیجابییش لێی دەڕوانرێت بۆ چۆنیەتی روانین لە رۆڵی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

چوارەم: بارودۆخی ئیقلیمی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە روانگەی هەردوو پرۆسە سیاسییەکەی عێراق و کوردستانەوە، ئەمە خاڵێکی

**ئاڵۆزی و رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمەریکاو ئێران گۆڕانکارییەکی هەرێمییە، بەتایبەتی کە دەستڕۆیشتوویی ئێران بەشێوەیەکی وا تەشەنەی کردووە، کە هەژموونی سیاسی لەسەر عێراق هەیە**



د. عەبدولحەکیم خەسرەو
مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین

بۆ گوڵانی نووسیوە

گرنگەو نابێت فەرامۆشی بکەین، چونکە لەساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئەمڕۆ بارودۆخە هەرێمییەکە کاریگەریی لەسەر ڕەوشی سیاسیی عێراق، بەتایبەتی کە لەعێراقدا حکومەت و دامەزراوەیەکی یەکگرتوو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە دروست نەبووە و بڕیارو توانایەکی مەرکەزی نەبووەو چەندین هێزی جیاجیا هەبووەو هەریەکەو ناوەندێکی بڕیار بووە. هەموو ئەمانەش وایکردووە ڕەوشی هەرێمایەتی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدەن، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبێت لەسەر دۆخی عێراق. نموونەش بۆ ئەمە گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی سووریا بوو کە لەدوای ساڵی ٢٠١١وە دەستیان پێکرد، هەر لە خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتەوە تاوەکو شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی داعش و تەشەنەکردنی بۆ ناو خاکی عێراق و دواجار یەك لەسەر سێی تەواوی خاکی عێراقی داگیرکردو بووە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و تێکدان و ماڵوێرانییەکی گەورەی لێکەوتەوەو ژێرخانی ئابووریی عێراقی وێران کرد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی داگیریکرد، کە دەتوانین بڵێین داعش لە مێژووی عێراقدا یەکێك بووە لەو کارەساتانەی تووشی عێراق بووە.

پێنجەم: ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا و ئێران؛ ئاڵۆزی و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمەریکاو ئێران گۆڕانکارییەکی هەرێمییە، بەتایبەتی کە دەستڕۆیشتوویی ئێران بەشێوەیەکی وا تەشەنەی کردووە، کە هەژموونی سیاسی لەسەر عێراق هەیە، هەر بۆیە کۆتاییهێنان بە هەژموونی سیاسیی ئێران بەسەر عێراقدا یەکێك بووە لەو ١٢ خاڵەی ترەمپ و ئیدارەی ئەمەریکا فەرزیان کردووە لەسەر ئێران و ئامادە نین گەمارۆی ئابووری لەسەر ئەو وڵاتە کەم بکەنەوە، تاوەکو ئەو ١٢ خاڵە جێبەجێ نەکەن، کە ئاشکرایە بەشێك لەو خاڵانەش پەیوەستە بە ڕێزگرتنی ئێران لە سەروەریی عێراق و ڕێگرینەکردنی لە هەڵوەشاندنەوەی میلشیا شیعەکان کە ئێستا بوونەتە هاوتەریبی سوپای عێراق. کە ئێمە لە چوارچێوەی «هیئە الحشد الشعبی» ناوی دەبەین، کە بریتییە لە کۆپییەکی سوپای پاسدارانی ئێران کە لە عێراق دروست دەبێت، چونکە لە ئێراندا لە سوپاو دامەزراوە فەرمییەکانی دیکە سوپای پاسداران بوونی هەیە. بەشێوەیەك ئێستا دەستەی حەشدی شەعبی هەمان سیاسەتەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات، چونکە ئەو ڕاستییە دەزانن کە ڕەنگە لە داهاتوودا پاڵپشتی حکومەت کەم ببێتەوە بۆ ئەم دەستەیە و فشاری ئەمەریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەی حەشدی شەعبی زیاد بێت، هەربۆیە دەستەی حەشدی شەعبی بە هاوشێوەی سوپای پاسداران دەستیان کردووە بەدەستێوەردان بۆ ناو کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و بەدەستهێنانی داهاتی جیاواز لەداهاتی فەرمیی دەوڵەت. کەواتە ئەمانە بەشێك لەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ڕوودەدەن و حیسابیش بۆ ئەم هێزانە دەکرێت، ئەو هێزانەی هاوسۆزن بۆ ئێران، یان

**کۆتاییهێنان بە هەژموونی سیاسیی ئێران بەسەر عێراقدا یەکێک بووە لەو ١٢ خاڵەی ترەمپ و ئیدارەی ئەمەریکا فەرزیان کردووە لەسەر ئێران و ئامادە نین گەمارۆی ئابووری لەسەر ئەو وڵاتە کەم بکەنەوە، تاوەکو ئەو ١٢ خاڵە جێبەجێ نەکەن**

**ئێستا دەستەی حەشدی شەعبی هەمان سیاسەتەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات، چونکە ئەو راستییە دەزانن کە رەنگە لەداهاتوودا پاڵپشتی حکومەت کەم ببێتەوە بۆ ئەم دەستەیە و فشاری ئەمەریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەی حەشدی شەعبی زیاد بێت**

**حەشدی شەعبی بە هاوشێوەی سوپای پاسداران دەستیان کردووە بەدەستێوەردان بۆ ناو کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و بەدەستهێنانی داهاتی جیاواز لەداهاتی فەرمیی دەوڵەت. کەواتە ئەمانە بەشێک لەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی روودەدەن و حیسابیش بۆ ئەم هێزانە دەکرێت**

**گۆڕانکاری لە مەلەفی ئەتۆمی ئێران کە دەبێتە دەستکەوتێک بۆ ترەمپ و کاریگەری ئیجابی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەو وڵاتە دەبێت قابیلی گفتوگۆ نییە**

ئامادەن شەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران بکەن، ئەمەش بەشێکی زۆری کاریگەریی لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق هەیە.

**● ململانێی ئەمەریکا و ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق و کوردستان**

ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان لە ئەگەری ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکە سەیری پێگەی عێراق و سیاسەتی عێراق دەکەین، هەموو ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەچن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشارێکی زیاتر دەخاتەسەر ئێران لەلایەك و بەرپرسە عێراقییەکان لەلایەکی دی، بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆیان بگۆڕن، تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو ئیستسنایەکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو وڵاتە لابرد، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە تایبەتەی ئەمەریکایە بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێران، راستە لەماوەی رابردوو لەهەندێك بواردا ئیستسنای کردبوو بەتایبەتی لە کڕینی غازی سروشتی، بەڵام سیاسەتی ئەمەریکا زۆر قورسترە لەوەی ئیستسنایەك بدەن بە عێراق، لەم رەوشەدا ئەمەریکا مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستانیش لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئێران ئیستسنا نابێت، واتا هەموو هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت پابەند بن بەو رێکارە سەرەکییانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ئێران بکات، چونکە هەرێم ناتوانێت خۆی ئیستسنا بکات لەو مامەڵەیە، لەلایەکی دیکەوە ئایا ئاستی ئەم ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمەریکاو ئێران دەگاتە چ حاڵەتێك؟ ئەوەی ئێستا چاودێرانی سیاسی دەیبینن و باسی چەند سیناریۆیەك دەکەن، لەوانە: (رووخانی رژێمی ئێران لەژێر کاریگەریی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر رژێمەکە- ئەگەری هاتنە پێشەوەی سیناریۆی سووریا لە ئێران بەوەی شەڕی ناوخۆ دروست بێت- یان رووبەڕووبوونەوەی سەربازی رووبدات و شەڕێکی نێودەوڵەتی دروست بێت) لەهەردوو سناریۆکەدا چۆن لە سووریا هەڕەشە لە رۆژئاواوە بۆ کوردستان و عێراق هات، ئەگەری زۆرە ئەمجارە هەڕەشە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ هەرێمی کوردستان بێت، هەربۆیە دەبێت خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکان لە چوارچێوەی ستراتیژیەت و پلانی دەوڵەتدا ئامادە کردبێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان ببینەوە، چونکە تێکچوونی رەوشەکەو ئاڵۆزبوونی، یاخود پەرەبوونی جەنگ شوێنەواری سلبی لەسەر رەوشی ئەمنی و ئابووریی عێراق و کوردستانیش دەبێت، بەتایبەتی کە هەژموونی ئێران بەسەر عێراقدا زۆرە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەری ئەوە هەیە هەموو ئەو سیناریۆیانە روونەدەن و جۆرێك لە دانوستان و گفتوگۆ لەنێوان ئێران و ئەمەریکا رووبدات، بەتایبەتی کە لە کۆتاییدا ترەمپ و ئەمەریکییەکان تەنیا یەك ستراتیژیەتیان پێویستە، ئەویش گۆڕانکارییە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، راستە ١٢ مەرجیان داناوە، بەڵام هەموو ئەم مەرجانە قابیلی گفتوگۆن، بەڵام گۆڕانکاری لە مەلەفی ئەتۆمی ئێران کە دەبێتە دەستکەوتێك بۆ ترەمپ و کاریگەری ئیجابی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەو وڵاتە دەبێت قابیلی گفتوگۆ نییە، چونکە ئەو دەتوانێت نیشانی گەلی ئەمەریکای بدات کە سیاسەتەکانی سەرۆکی رابردوو کە ئەو پێی وابوو هەڵەیە، توانیوێتی بیگۆڕێت و سیاسەتە هەڵەکان راست بکاتەوە، هەر بۆیە سەرۆکی هەرێم و حکومەت ناتوانن ستراتیژیەتی خۆیان تەنیا لەسەر یەك ئەگەر دابنێن، دەبێت لە روانگەی هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان ستراتیژیەت دابڕێژدرێت، وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی دامەزراوەکان و جەماوەرو ئیعلامی دەبێت زەمینەیەکی زهنی ئامادە بێت بۆ ئەوەی چۆن بتوانین رووبەڕووی سیناریۆکان ببینەوە و لەسەر ئاستی هەموو سیناریۆ و ئەگەرەکان ئەلتەرناتیڤمان هەبێت و بتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ئاستەدا کار دەکات و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن لە داهاتوودا کارێکی لەم شێوەیە بکەن.

**● ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان و تێکچوونی رەوشی عێراق**

بەشێوەیەکی گشتی کە شیکردنەوەی رەوشەکەو خوێندنەوەی بۆ دەکەین هەموو ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی خۆیان لەسەرمان هەیە و فاکتەری گرنگن لە ئاراستەکردنی دۆخەکە، فاکتەری گرنگیش بۆ بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی، لەم چوارچێوەیەداو بە خوێندنەوەی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر رەوشی عێراق و ناوچەکەو ئابووریی عێراق و باری بژێوی عێراقییەکان هاتووە، ناکرێت باسی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە نەکەین کە بەشێوەیەکی گشتی لە شەقامی عێراقی و

بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا بوونیان هەیە و ئەگەری زۆرە ئەو دیاردانەی کە ساڵی رابردوو لە شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و باشووری عێراق دەمانبینی، ئەگەری زۆرە دیاردەی ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکان دووبارە ببنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کێشەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان چارەسەر نەکراون، راستە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەشێوەیەکی زۆر جددی کاری لەسەر دۆسێی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان کردووە، ئەوانەی زۆر گرنگن و دەبێت بگەنە هاووڵاتیان و دابین بێت، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەڵچوونەکانی خەڵك دژی بەرپرسان و دامەزراوە حکوومییەکان، ئەم رەوشەی خەڵك و ناڕەزایەتییانەی ئێستا دەیبینین کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆتە دیاردەو ئەوە نیشان دەدات کە ئێستا میزاجێکی نوێ دروست بووە بۆ نموونە داواکردن بۆ بەهەرێمکردنی بەسرە گەیشتۆتە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی دەست بە رێکارەکان بکرێت بۆ راپرسی لەسەر بەهەرێمبوونی بەسرە، تەنانەت نەك تەنیا ئەم داواکارییە لەسەر ئاستی خەڵکی و شەقام لەو پارێزگایە زیادی کردووە، بەڵکو بەشێك لە هێزە سیاسییە شیعەکان ئەمە بە تەحەددایەکی گەورەی دەبینن و بە سەرەتایەکیشی دادەنێن بۆ پارچەپارچەبوونی عێراق و لە بەرامبەریشدا بەشێکیان پێیان وایە ئەمە کارێکی ئاسایی و یاساییە لەچوارچێوەی یاساو رێساکانی عێراقدا دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و کاری پێ بکرێت، بەشێکیش لە هێزە سیاسییەکان سەیری بارودۆخەکە دەکەن و چاوەڕوانی دۆخەکەن ئەگەر هەست و سۆزی جەماوەری لە ئاستێکدا بێت کە جددی بێت و دەستبەرداری داواکارییەکەیان نەبن، تا بەهەرێمبوونی بەسرا جێبەجێ نەبێت ئەو کات ئەو هێزانەش دەیانەوێت سواری شەپۆلەکە بن و خۆیان بە بەشێك لەو رەوتەی کە دروست بووە حیساب دەکەن، چاوەڕوانیی حزب و هێزە سیاسییەکان بۆ سواربوونی شەپۆلی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بۆتە حاڵەتێکی باو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی متمانە بە دامەزراوە فیدراڵییەکانی دەوڵەت کەم بووەتەوە و گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ، بە رادەیەك رێژەی گاڵتەکردن و گاڵتەجاڕی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە عێراقدا زۆر زیادی کردووە، بەرزبوونەوەی قسەکردن و رەخنە و تەنز و گاڵتەجاڕی دژی دامەزراوەکانی دەوڵەت و فراوانبوونی گەندەڵی و دیاردەکانی دیکەی خراپی کاری ئیداری و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە رادەیەك زیادی کردووە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتی و هۆیەکانی راگەیاندنەوە پارت و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانیشی گرتۆتەوە و لەئاستی دامەزراوەی فیدراڵی و دەوڵەت تێپەڕی کردووە بۆ ئاستی یەکە ئیدارییە لۆکاڵییەکانیش، بەشێوەیەکی گشتی ناڕەزایەتی و گاڵتەجاڕی بە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق و پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان زەنگ و نیشانەیەکی مەترسیدارە و دەبێت چاوەڕوانی بەرچەکرداری سەرتاسەری بین کە نزیك دەبێت لە حاڵەتی شۆڕش و ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری لەدامەزراوەکانی دەوڵەت، ئێستا لە شەقام ئەو خواست و ویستە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو حاڵەتە، بەڵام لەهەمان کاتدا فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئەم حاڵەتە زۆر نییە، لەبەر ئەوەی دامەزراوەیەکی یەکگرتوو لەناو دەوڵەتدا بوونی نییە، تاوەکو شۆڕش و راپەڕینێك دروست بێت و راستەوخۆ هەموو ئەو دامەزراوانە بگرێتە دەست و کۆنترۆڵی دامەزراوەکان بکات بە هاوشێوەی ١٩٥٨ کە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات بتوانێ سیستەمی سیاسی و ئابووریی وڵات بگۆڕێت. من پێم وایە ناڕەزایەتی و فاکتەرەکانی گۆڕانکاری لە رووی جەماوەرییەوە هەمان رەوشی پێش ساڵی ١٩٥٨-ە، بەڵام لە رووی دامەزراوەییەوە هەمان حاڵەت نییە، لەم بارودۆخەدا ئەگەری حاڵەتی شەڕی ناوخۆ زۆر زیاترە، ئەگەر ئەم رەوشە دروست بوو، واتە ئەگەر هاتوو دامەزراوەکانی ئێستا دارووخان، ئەوا ئەگەری شەڕی ناوخۆ زۆرە، چونکە ئێمە دەزانین لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەموو چەکەکان لەژێر دەستی دەوڵەتدا نییە و تەنانەت لە حاڵەتی ناکۆکیی هۆزەکان چەکی قورس بەکار دەهێنرێت و میلیشیاتە چەکدارەکان تەشەنەیان کردووە.

● **پێگە و ئایندەی هەرێمی کوردستان**

لە هەموو ئەم گۆڕانکاری و رەوشەی کە ئێستا عێراق و ناوچەکە بەخۆیەوە دەبینێت، پێویستە ئێمە بیر لە ئایندەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بکەینەوە، پێویستە ئێمە ئیدارەدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراقدا بکەین تا ئەو کاتەی بزانین رەوشەکە بەو هەموو نیشانە سلبییانەوە ئێمە بەرەو کوێ و چ ئاقارێك دەبات، ئیدارەدانی پەیوەندییەکان لە ئێستا تا قۆناغی داهاتوو گرنگە، چونکە ئێمە ئامادە دەکات بۆ مامەڵەکردنێکی باش لەگەڵ ئەم پرسە، بەتایبەت

**دەبێت زەمینەیەکی زهنی ئامادە بێت بۆ ئەوەی چۆن بتوانین رووبەڕووی سیناریۆکان ببینەوە و لەسەر ئاستی هەموو سیناریۆ و ئەگەرەکان ئەلتەرناتیڤمان هەبێت و بتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین**

**چاوەڕوانیی حزب و هێزە سیاسییەکان بۆ سواربوونی شەپۆلی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بۆتە حاڵەتێکی باو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی متمانە بە دامەزراوە فیدراڵییەکانی دەوڵەت کەم بووەتەوە و گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ**

**لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەموو چەکەکان لە ژێر دەستی دەوڵەتدا نییە و تەنانەت لە حاڵەتی ناکۆکیی هۆزەکان چەکی قورس بەکار دەهێنرێت و میلیشیاتە چەکدارەکان تەشەنەیان کردووە**

**بەپێی هەموو داتاو نیشانەکان هیچ بەراوردێک لەنێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ناکرێت، چونکە لە ڕووی جێگیری و سەقامگیری دامەزراوەکانی هەرێم بەهێزترن**

**هەرچەندە قەیرانی دارایی هەبوو کە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان بەگشتی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئیدارەدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش سەرکەوتوو بووین واتا لەهەردوو دۆسێی ئەمنی و ئیداریی لەهەرێمی کوردستان توانیمان قۆناغێکی زۆر سەخت دەرباز بکەین**

**لەمەودا هەموو گفتوگۆ و دانوستان و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ لەسەر ئاستی حزبی و سەرکردایەتیی سیاسی ناکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی وەزارەت و دامەزراوەکان و لە ڕووی هونەریی و تەکنیکییەوە دەبێت**

ئێمە ڕۆڵ و بەرچەکرداری دەوڵەتە هەرێمییەکانمان بینی لەدژی هەرێمی کوردستان، کاتێك خەڵکی کوردستان ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەنجام دا، هەر لە تورکیا و ئێران و وڵاتانی عەرەبی و بەشێك لە وڵاتانی دیکەی بیانی لە دوای ڕیفراندۆم ڕۆڵی سلبی و خراپیان لەدژی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئەم سیاسەتە سلبییانەش حەتمەن بەشێك دەبێت لەو سیاسەتانەی لە داهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر دەکات و سیاسەتیان لەسەر بنیات دەنێت. لە دۆسێی ئیدارەدانی پەیوەندییەکان دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە پەیوەندییەکان نەگەیشتوونەتە حاڵەتەتی تەواوکاریی (تکامل)، کە لە ڕاستیدا دەبێت ستراتیژیەتەکە بریتی بێت لە دروستکردنی پەیوەندیی تەواوکاری.
بەڵام بارودۆخی عێراق ناڕوون و تەمومژاوییە تا ئێستا، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك نیشانە و ئاماژەی ئیجابییش لە دۆخی عێراقدا هەیە کە دەبێت ئێمە لەگەڵیدا بڕۆین و بەجێ نەمێنین، بەتایبەتی پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراوەکانی عێراق لە هەموو ئاستەکان. وەك چاکسازییەکانی بواری دارایی و کەرتی بانکی و شێوازی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە داراییەکان بۆ هاووڵاتیانی عێراق دەکرێت، بۆیە دواجار لە هەموو حاڵەت و سیناریۆیەکدا نابێت ئێمە لەم واقیعە دوابکەوین، چونکە بەپێی توێژینەوەی بەراوردکاریی چاکسازیی لە دامەزراوە داراییەکانی دەوڵەت سەرەتایەکە بۆ چاکسازی لە هەموو دامەزراوەکانی دیکە، ئەگەری زۆر هەیە لەم چاکسازییە بەتایبەتی لەبواری چاکسازیی دارایی لە ئاستی بانکی ناوەندی عێراق تاوەکو بانکە حکوومی و ئەهلیوەکانی دیکە و سیستەمی دارایی عێراق، کە ئەمەش نیشانەیەکە تاوەکو سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە مامەڵەی زیاتر لەگەڵ عێراقدا بکەن و ئاستی دامەزراوەکانی عێراق پێش بکەوێت، بۆیە نابێت هەرێمی کوردستان لەم حاڵەتەدا لەدواوە بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ عێراقدا سوود لەم پاڵپشتییە نێودەوڵەتییە وەربگرین. ئێمەش لە کوردستاندا ئەو ئامانجەی بۆ چاکسازی و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی حکومەتدا بۆخۆمان دامانناوە، لێرەش جێبەجێ بکرێت و دووبارە دامەزراوەکانی هەرێم ڕێکبخرێتەوە بە شێوازێك سوود لە پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکان وەربگرین، ئەگەرچی بەپێی هەموو داتاو نیشانەکان هیچ بەراوردێك لەنێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ناکرێت، چونکە لە ڕووی جێگیری و سەقامگیری دامەزراوەکانی هەرێم بەهێزترن، هەرچەندە قەیرانی دارایی هەبوو کە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان بەگشتی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئیدارەدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش سەرکەوتوو بووین واتا لەهەردوو دۆسێی ئەمنی و ئیداریی لەهەرێمی کوردستان توانیمان قۆناغێکی زۆر سەخت دەرباز بکەین، کە دەتوانم بە سەختترین قۆناغی دابنێم. واتا لە هەرێمی کوردستان ئیرادە و توانایەکی بەهێز هەیە کە پاڵپشتە بە جەماوەری کوردستان و هۆشیاریی خەڵك بە مەترسییەکانی ناوچەکە و ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کوردستان دەبنەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حیساب بۆ ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت، کە کۆمەڵگەیەکی جێگیرو سەقامگیر و هەستیار لە ڕووی ئەمنیی و مامەڵەکردن لەمەڕ ڕەوشی سیاسی و ئابووری گشتی هەرێمی کوردستان نیشانەی ئیجابییە و وا لە حکومەت دەکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەو ئاراستەیە وەرچەرخێنێت کە لە بەرژەوەندیی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا و دامەزراوەیی و خزمەتگوزارییەکاندا بێت، لەهەمان کاتیشدا ئاستی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو چوارچێوەیەدا بێت. لە ماوەی ڕابردووشدا وەزارەتەکان و دامەزراوەکان لەگەڵ هاوتاکانی لە عێراقدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان دروست کردووە، ئەمە ئەو ستراتیژیەتەیە کە حکومەت کاری لەسەر دەکات، واتا لەمەودا هەموو گفتوگۆ و دانوستان و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵ لەسەر ئاستی حزبی و سەرکردایەتیی سیاسی ناکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی وەزارەت و دامەزراوەکان و لە ڕووی هونەریی و تەکنیکییەوە دەبێت، تا ئێستاش ئەم پەیوەندییانە سوودی زۆری هەبووە و بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر کراون و ڕێگایان نەداوە ببێتە کێشەو گرفتی سیاسی.
هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا کاری لەسەر دوو دۆسیە کرد، یەکێکیان کە دۆسیەی ئیدارەدانی قەیرانی دارایی بوو، کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەی دەبرد و توانی سەرۆکایەتیی حکومەت بکات بۆ تێپەڕاندنی قۆناغێکی زۆر سەخت لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بە پاڵپشتی جەماوەر و

بەشێك لە هێزە سیاسییەكانی كوردستان، بۆیە شێوازی ئیدارەدانی مەلەفەكە زۆر گرنگ بوو كە دەكرێت حكومەتی داهاتوو بە بەرنامەیەكی نوێ سوودی لێوەربكرێت و حكومەتی داهاتوو بۆ خزمەتكردنی هاووڵاتیان سوودی لێوەربگرێت. دۆسیەی دیكە بریتییە لە دۆسیەی ئەمنی و شەڕی داعش. كە تێیدا ناوبانگ و قارەمانێتی پێشمەرگە زیاتر دەركەوت و سەرەڕای هەموو هەڕەشە و مەترسییەكانی تیرۆر لەسەر هەرێمی كوردستان، بەڵام خۆشبەختانە توانرا لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بەرگرییەكی تەواو بكەین. واتە ئێمە لە كاركردن لەسەر ئەم دوو دۆسیە سەركەوتوو بووین. ئێستاش كە كۆمەڵێك دۆسیەی دیكە هەن، وەك پەیوەندیی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق لەسەر ئاستی سیاسی، كە لینكی پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی كوردستان سەرۆكی هەرێمی كوردستانە كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان دەكات، بۆیە سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە ڕەچاوكردنی ئەو پێگەیەی هەیەتی دەتوانێت ڕۆڵێكی زۆر باش ببینێت لە مەسەلەی چارەسەركردنی كێشەكان. لەم حاڵەتەدا ئێمە دەتوانین بە دوو ئاست كاربكەین، یەكەم لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەكان دەتوانرێت چارەسەری زۆر گرفت و كێشە لەگەڵ عێراقدا بكرێت، لەسەر ئاستی سیاسییش سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەتوانێت لەچوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتەكانی عێراق بەشێك لەو بەربەست و گرفتانەی دێنە بەردەم چارەسەركردنی ئەم گرفت و كێشانە چارەسەر بكات، ئەمە وێڕای پەیوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكان دەبێتە بەشێك لەو پەیوەندییانەی لەداهاتوودا پەیڕەو دەكرێت، چونكە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەتوانێت لینكی بەهێزی پەیوەندی بێت لە نێوان دەسەڵاتەكانی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتەكانی عێراق و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەپێناو خزمەتكردنی هاووڵاتیانی كوردستان، چونكە ئەركی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەوەیە پارێزگاری لە هەریەك لە (دامەزراوەكانی دەستووریی هەرێمی كوردستان و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان و سەقامگیریی سیاسی و بەهێزكردنی هەرێمەكە لەهەموو ئاستەكان) بكات، ئەمەش لە بەیاننامەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دیارە ئەو دیدەی هەیە، كە خاوەنی دیدگایەكە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی ڕوون و دیارە، بەمەش سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان ڕۆڵێكی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزكردنی هەرێمەكەو لەهەمان كاتیشدا بەو پێیەی هەریەك لەسەرۆكی هەرێم و حكومەتی هەرێمی كوردستان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەكەن لەهەرێمی كوردستان، هەر بۆیە بە پاڵپشتی جەماوەر و سەقامگیریی ناوخۆ و بەهێزیی دامەزراوەكان پێكەوە دەتوانن ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبێت لە جێبەجێكردنی ئامانج و سیاسەتەكاندا.

پێم وایە بەپێی ئەو بەرنامەیەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە حكومەت لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن ڕایگەیاندبوو كە بە هۆیەوە متمانەی زۆرینەی جەماوەری كوردستانی بەدەستهێنان و بەپێیەی ئەو هاوپەیمانێتییەی ئێستا هەیە، بەتایبەتی ئەو هێزە سیاسییانەی كە بەشدارن لە حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەو بەرنامەیەی كە چاوەڕوان دەكرێت لەم كابینەیەدا رایبگەیەنێت، ئەمانە هەمووی دەبێتە بەشێك لەو سیاسەتە تەكامولییەی كە چاوەڕوان دەكرێت لە هەرێمی كوردستان هەبێت، چاوەڕوان دەكرێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكەوە كوردستان بگەیەننە ئاستی سیاسەتێكی تەواوكاریی و هاوتەریب پێكەوە كار بكەن بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێم و خزمەتكردنی هاووڵاتیانی كوردستان، ئەمە وێڕای ئەوەی ئاستی پەیوەندییەكانمان لەگەڵ بەغدا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەرەو پێشەوە ببەین و بیگەیەنینە قۆناغی بونیاتنان و ئاوەدانی و خزمەتكردنی جەماوەری كوردستان، ئەمە خاڵی سەرەكییە دەتوانرێت قسەی لەسەر بكەین، بوونی ئیستجابەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانەكانمان كە كوردستانێكی بەهێزیان دەوێت، لەگەڵ ئەم فاكتەرە ئیجابییە یەك دەگرێتەوە و ئەوەندەی تر ئومێد دەدا بە بەهێزبوونی كوردستان. پێم وایە كوردستانی بەهێز بەڕێوەیە، چونكە سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان و دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان لە سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەت و پەرلەمان و دامەزراوەكانی تری كوردستان یەك دیدیان هەیە بەوەی بەرەو قۆناغی بونیاتنان و سەقامگیریی و پتەوكردنی دامەزراوەكان بڕۆین، بەشێوازێك كە بەپێی ستاندارە نێودەوڵەتییەكان لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە بێت كە سیاسەتێكی گشتی كارا لەهەموو ئاستەكان جێبەجێ بكرێت.

**لینكی پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی كوردستان سەرۆكی هەرێمی كوردستانە كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی هەرێمی كوردستان دەكات، بۆیە سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە ڕەچاوكردنی ئەو پێگەیەی هەیەتی دەتوانێت ڕۆڵێكی زۆر باش ببینێت لە مەسەلەی چارەسەركردنی كێشەكان**

**چاوەڕوان دەكرێت سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكەوە كوردستان بگەیەننە ئاستی سیاسەتێكی تەواوكاریی و هاوتەریب پێكەوە كار بكەن بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێم و خزمەتكردنی هاووڵاتیانی كوردستان**

**كوردستانی بەهێز بەڕێوەیە، چونكە سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان و دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان لە سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەت و پەرلەمان و دامەزراوەكانی تری كوردستان یەك دیدیان هەیە بەوەی بەرەو قۆناغی بونیاتنان و سەقامگیریی و پتەوكردنی دامەزراوەكان بڕۆین**

# سۆشیال میدیا و بەئۆنلاینکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

ناوی تۆڕی کۆمەڵایەتی خۆی ماناکەی دیارە، هەر لەوەشەوە هاتووە و دەرهاویشتەی واقعی ژیانێك بووە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو لاوازبوون رۆیشتووە کە ژیانی ئەوروپایە، هەربۆیە سەیری هەموو بەروار و شوێنی سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، دەبینین لە ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای ٢٠٠٠ ـەکان دروست بوون، کە یان لە وڵاتێکی ئەوروپی، یان لە ئەمریکا داهێنراون. وەك چۆن ئامرازەکانی دیکەی میدیا سەرهەڵدانیان دەرهاویشتەی گەشە، یان پێداویستیی واقیعی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان ئابووری و...هتد بوون، سۆشیال میدیا، یان تۆڕی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە دەرهاویشتەی ژیانێکی گەشەی ئابووری و خواستی بازاڕ و بەرهەم بووە، بۆ ناساندن و ریکلام و مارکێتین، ئاڵۆزبوونی ژیان لە جیهانە کۆمەڵایتیە واقیعییەکەدا پێویستی بە ژیان و پەیوەندیی ئۆنلاینی هەیە بۆ پیاڕاگەیشتن بەکارو چالاکییەکان و پێویستی دامودەزگا و رێکخراو فەرمانگەو کۆمپانیا و کارگەکان، لەبەرامبەر ئەم ژیانە ئاڵۆزو ئۆنلاینەدا نامۆبوونی تاك لە ژیانە کۆمەڵایەتییە واقیعییەکەو دابڕانی بەتایبەت لە کولتووری ئەوروپا کە ژیانی نەریتی خێزانی و پەیوەندیی خزمایەتی وکۆمەڵایەتی دەمێکە بەجێیهێشتوون، دواجار تاکێکی دروست کردووە کە تەنیایە و دابڕاوە و نازانێ دایك و باوك وپوور و مام و خوشك و برا کێیە، یان سەرقاڵی بە ئیش و کاری ژیان و زۆریی کاتژمێرکانی کارکردن و دەستکەوتنی ئیش لە دەرەوەی وڵات، یان شاری خۆی وای لێکردووە هاوڕێی شەو رۆژی کۆمپیتەرێك، یان مۆبایلەکەی دەستیەتی، بۆیە مرۆڤیش وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە وەك پسپۆڕێکی بواری سایکۆلۆژیای مارکیتین دەڵیت: «مرۆڤ لە رووی سایکۆلۆژیاوە پێویستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە سەردەمی قەیسەر و سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

وەك یەکە و پێویستی بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سۆز و خۆشەویستی وپشتیوانیی دەوروبەرەکەی هەیە.» کەواتە لە کۆمەڵگەیەك کە زۆرینەی بوارەکانی ژیانی بووەتە ئۆنلاین، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی ئۆنلاینی بۆ خۆی داهێنا، ئەمە بە خێرایی گوازرایەوە بۆ کۆمەڵگەیەك کە هێشتا نە بازرگانی، نە کار، نە سیاسەت، نە هیچ گۆشەیەکی دیکەی ژیانمان ئۆن لاین نییە، هێشتا پابەندی زۆرینەی نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانین، تەنیا بە بوونی هەریەکە لە ئەکاونتێکی سۆشیال میدیا دەمانەوێت جەژن و پرسە و پیرۆزبایی و پەیوەندییە هاوڕێیەتی و خزمەیەتییەکانمان بکەینە ئۆنلاین و لە ڕێی نووسینی پۆستێك، یان کۆمێنتێك، زۆرینەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانمان بەرامبەر یەکتری بەجێ بهێنین، وردە وردە ئەمەش دابڕانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، ئامانجی ئەم ئامرازانە کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان داهینرا، لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا بووەتە هۆی دابڕانی کۆمەڵایەتی. ڕەنگە ئەمە بۆ هەندێکمان کە سەرقاڵین تا رادیەك دروست بێت، کە پەیوەندییەکانمان بکەینە ئۆنلاین، بەڵام بە گوێرەی داتای توێژینەوەیەك کە قوتابییەکی زانکۆی سلێمانی ئەنجامی دابوو، نزیکەی ٢٠٪ی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێمە تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، نزیکەی ٩٠٪ی ئەو ڕێژەیەش ئەوانەن کە تەمەنیان لە خوار٣٥ ساڵەوەیە، کەواتە ئەی ئەو ڕێژە زۆرەی کۆمەڵگە کە تۆڕی کۆمەڵایەتییان نییە تا لە ڕێی ئۆنلاینەوە پەیوەندییان لەگەڵ ببەستیت، هاوکات لە ژیانە واقیعییەکەش لێیان دادەبڕێت و سەردانیان ناکەیت، دەبێت چی بکەن؟ بۆیە بە بڕوای من هێشتا زووە بۆ ئێمە کە تەواوی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانمان لە ڕێی ئۆنلاینەوە ئەنجام بدەین و ژیانە واقیعییەکە فەرامۆش بکەین.